# جیاوازی گێڕانەوەی ڕووداو لەنێوان مێژوو و ڕۆماندا

## بە نموونە ڕۆمانی " پێشمەرگە"ی ڕەحیمی قازی

**م. ی. یووسف عەلی محەممەد**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە،
زانکۆی سەلاحەددین
yousif.muhammad@su.edu.krd

**پوختە:**

خاڵی هاوبەشی نێوان مێژوو و ڕۆمان بە گشتی بریتییە لە گێڕانەوە، بەڵام لە چۆنیەتی و شێوازی گێڕانەوەدا جیاوازییان هەیە. مێژوو کۆمەڵێ ڕووداوی واقیعی، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە دەگێڕێتەوە و وەکو دیکۆمێنتێک بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەرشیفیان دەکات. هەرچی ڕۆمانە وەکو ژانرێکی مۆدێرن سوود لە ڕووداوی واقیعی جا چ ئێستا، یان ڕابردوو وەردەگرێت و سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە. واتە ڕۆمان ڕووداوەکە وەکو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکو دەسکاریشی دەکات. ئەمەیش بۆتە دروستبوونی جۆرێک لە ڕۆمان، کە ڕۆمانی مێژووییە. ئەم جۆرەی ڕۆمان سوود لە ڕووداو، کەسایەتی مێژوویی وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئاریشەکانی سەردەم بخاتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە (جیاوازی گێڕانەوەی ڕووداو لە نێوان مێژوو و ڕۆماندا) هەوڵی خستنەڕووی ئەو جیاوازییە لە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداو دەدات. بۆ ئەمەیش ڕۆمانی "پێشمەرگە"ی "د. ڕەحیمی قازی"مان وەکو نموونە هەڵبژاردووە. توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم، کە بەشێکی تیۆرییە هەوڵێکە بۆ ئیشکردن

لەبارەی چەمکگەلی وەکو مێژوو، ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی، کە لە سێ تەوەرەدا خستوومانەتە ڕوو. هەرچی بەشی دووەمە، کە بەشێکی پراکتیکییە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە. تەوەری یەکەم، ئیشکردن لەبارەی پێوەندیی نێوان ڕووداو و توخمەکانی دیکەی ڕۆمان وەکو: کات، شوێن، کارەکتەر...تاد. تەوەرەی دووەم ئیشکردنە لەبارەی ڕۆڵی تەکنیکەکانی ڕۆمان لە بە هونەریکردنی ڕووداوی مێژوویی لەناو ڕۆماندا. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێک دیاری کردووە، لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان بە سیستەمی هارڤارد.

**پێشەکی:**

ڕۆمانی پێشمەرگە، ڕۆمانێکی نوێی مێژووییە و هەوڵدەدات خوێنەر بە مێژووی پارچەیەکی کوردستان کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ئاشنا بکات. وایکردووە کە کاریگەری لەسەر شێوازی نووسینی ڕۆمانی مێژوویی هەبێت و وەک بەشێک لە مێژووی ڕۆمانی کوردی دەربکەوێت. مێژوو، بە تەواوی ڕووداوەکانییەوە ژیانی ڕابردووی مرۆڤایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە و ڕۆمانیش وەک ژانرێکی ئەدەبی سوودی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە و خزاوەتە ناو ئەو دنیایەوە، بەم هۆیەشەوە پەیوەندی لە نێوان مێژوو و ڕۆمان دروست دەبێت و لەئەنجامدا ڕۆمانی مێژوویی پێ لەدایک دەبێت.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "جیاوازی گێڕانەوەی ڕووداو لەنێوان مێژوو و ڕۆماندا بەنموونەی ڕۆمانی پێشمەرگەی ڕەحیمی قازی ". ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لە جەوهەری ڕۆمانی مێژوویی بە گشتی و پێشمەرگەی ڕەحیمی قازی و چۆنیەتی مەزراندنی مێژوو لەناو ڕۆماندا بکەین.

بەپێی گرنگیی هەوڵەکە توێژینەوەکەمان بۆ دوو بەش دابەشکردووە، بەشی یەکەمی کە تیۆرییە بریتییە لە سێ تەوەرە. لە

تەوەرەی یەکەمدا جیاوازی و پەیوەندیی نێوان (ڕۆمان - مێژوو - ڕۆمانی مێژوویی) وەک زانستە مرۆڤایەتییەکان شیدەکەینەوە. لەهەریەک لە تەوەرەکانی دووەم و سێیەمیشدا هەوڵی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی "پەیوەندیی نێوان گێڕانەوە لەگەڵ ڕووداودا" و "جیاوازی نێوان ڕووداوی ڕۆمان و ڕووداوی مێژوویی" دەکەین.

هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەمانە، کە بەشێکی پراکتیکییە و ئەویشیان لە دوو تەوەر پێکهاتووە و تیایدا باس لە تەکنیکی گێڕانەوە وەک توخمی گێڕانەوە و هونەری گێڕانەوە لەناو ڕۆمانی پێشمەرگەدا کراوە و هەریەک لەتوخم و هونەرەکانی وەک " زمان، ڕووداو، کارەکتەر، شوێن و کات " لەلایەک وتەکنیکەکانی ڕۆمانوەک : " وەسفی کارەکتەر، وەسفی شوێن، دیالۆگ و مۆنۆلۆگ "یش لەلایەکی ترەوە خراوەتەڕوو.

میتۆدی توێژینەوەکەمان، شیکاری و وەسفی و مێژووییە.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، لە کۆتاییدا بەشێوەی چەند خاڵێک کۆکراونەتەوە و لەناواخنی پەرەگرافێکدا هەڵێنجێندراون و خراونەتەڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، کۆمەڵێک سەرچاوە هەوێنی ئەم کارە ئەکادیمی و ئەدەبی و مێژووییە دەپێکن و بەپێی سیستەمی هارڤارد بەشێوەیەکی زانستی لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

کلیلەوشە ( گێڕانەوە، ڕووداو، زمان، مێژوو، وەسف. السرد، الأحداث، اللغة، التأريخ، الوصف. Narrating, event ,language , history , description ).

**بەشی یەکەم: لایەنی تیۆریی ڕۆمان و ڕۆمانی مێژوویی**

**تەوەرەی یەکەم: جیاوازی و پەیوەندیی نێوان (ڕۆمان– مێژوو– ڕۆمانی مێژوویی) وەک زانستە مرۆڤایەتییەکان:**

بەشێوەیەکی گشتی پێناسەکردنی هەر چەمکێک یەکێکە لە بڕیارە سەختەکانی بەردەم لێکۆڵەر لە هەر بابەتێکدا. بۆئەم مەبەستە وەکو بنەڕەت و بنەمای نووسین، ئەوا نووسینی هەریەکێک لە مێژوو و ڕۆمانی مێژوویی لە یەکتر جیاوازن و هەریەکەیان خاوەن بنەما و بنەڕەت و شێوازی تایبەت بەخۆیانن. بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤەوە لەبواری نووسیندا، ژانرە ئەدەبییەکان سوودی زۆریان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەرگرتووە، تەنانەت سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکانیش بە شێوەیەک کاڵ بۆتەوە لە زۆر باردا تێکەڵی یەکتری دەبن. ئێمەش لێرەدا ئەو جیاوازی و هاوبەشییەی نێوانیان دەخەینە ڕوو، ((ئەگەر خوێنەر بەهەمان شێوازی گێڕانەوەیەکی مێژوویی، ڕۆمانی خوێندەوە، ئیدی جیاوازی لەنێوان ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی باڵا، لەگەڵ ڕووداو و مێژوو نامێنێت.)) (ڕواندزی، ٢٠١٨، ١) هەرچەندە پتر پێداگری لەسەر ڕۆڵی خوێنەر دەکاتەوە بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان ڕووداو لە ڕۆمان و مێژوودا، بەڵام دەبێ ئەوەیش چۆنیەتی ئیشکردنی نووسەر لەبارەی ڕووداوسازییەوە. بە بڕوای ئێمە چۆنیەتی ئیشکردنی نووسەر گرینگترە لە ڕۆڵی خوێنەر بۆ ڕووداوسازکردن.

بۆ ئەوەی زیاتر جیاوازییەکان دەربخەین، پێویستە پێناسەی ڕۆمان بکەین، کە ((وێنەیەکە لە ژیانی واقیع و داب و نەریتی خەڵک و ئەو سەردەمەی کە ڕۆمانەکەی لێ نووسراوە.)) (شێخ محمد،٢٠٠٧، ٣٠) لە لایەکی ترەوە "د. مکارم الخمری" سەبارەت بەڕۆمان دەڵێت: ((ڕۆمان بەرهەمێکە دەگێڕدرێتەوە، ڕۆمان پەرەسەندنی ژیانی ئەو کەسە یان

کەسەکان لە بواری کارلێکردن و کارتێکردندا لەگەڵ بازنەی ئاڵۆزی ژیاندا ڕووندەبێتەوە.)) (گەرمیانی، ١٩٩٩، ١٢) بەڵام سەبارەت بە مێژوو ئەوا دەکرێت بڵێین، کە زانستێکە لەو ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە و لەوەوبەردا ڕوویانداوە. هەروەها نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژوو پرۆسەیەکی زانستییە، کە بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستی. " کرۆچە"ی مێژوونووس چەند بنەما و مەرجێکی سەرەکی بۆ زانستی مێژوو دیاریکردووە، ئەوانیش:

((١. فیلۆلۆجیا: تۆمارکردنی دیاردە و ڕووداوەکانی ڕابردوو وەک چۆن لە ڕاستیدا ڕوویانداوە.

٢. لێکدانەوە: گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی" کەی، لە کوێ، چۆن و بۆچی" لەمیانی لێکدانەوە و توێژینەوە لەو هۆکارانەی ڕێگایان بۆ خوڵقاندنی ئەو ڕووداوانە خۆشکردووە یان بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی ڕووداوەکان.

٣. ڕاڤەکردن: لێکدانەوەی لایەنە شاراوەکانی پشت ڕووداوەکان لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە و بەستنەوەیان بە دیاردەکانی ژیانەوە و پێشبینیکردنی ڕووداوەکانی داهاتوو.)) (محمد،٢٠٠٩، ٥٠- ٥١) کەواتە مێژوو بریتییە لە ((تۆمارکردنی ڕووداوگەلی ڕابردوو کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوویانداوە.)) (خەیات، ٢٠١١، ٦٧) مێژوو بەشێکە لە ڕابردوو، بۆ خۆی خاوەنی ئەو گێڕانەوەیە کە ڕووداوەکانی پێدەگێڕێتەوە. بەڵام گێڕانەوەیەکی کرۆنۆلۆجییانە، واتە بە شێوەیەکی زنجیرەیی و لە دوای یەک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی پاش و پێشیان بکات. هەروەها واقیع چۆنە بەو شێوەیە دەیانگێڕێتەوە.

ڕۆماننووسی میسری "نەجیب مەحفووز" پێیوایە ((پەیوەندیی نووسینی ڕۆمان و مێژوو، جۆراوجۆرە. نووسەر هەیە لەبارەی مێژووی ڕۆمان دەنووسێت، بۆئەوەی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمە بەسەرچووە، یان ئەو کەسایەتییەی پێشتر ژیاوە، لەم

حاڵەتەدا مێژوو دەبێتە لە سەدا حەفتای ڕۆمانەکە و هونەرکاریش لە سەدا سی کەمتر. هەندێ نووسەریش تەنیا چوارچێوەی مێژوو وەردەگرن و لەمیانەیدا بابەتە هاوچەرخ و سەردەمییەکان دەخەنەڕوو.)) (زراری، ٢٠١٧، ٥٧) لەبارەی پرسیارکردن ئایا مێژوو هونەرە یان زانست؟ ئایا مێژوو گێڕانەوەی ڕاستییەکانە یان گێڕانەوەی خەیاڵئامێزی ڕووداوەکانە؟ وەڵامی مێژووناسان بۆ ئەم پرسیارانە لەیەکتر جیاوازن. لێرەشدا دوو کتێب دەخەینەڕوو کە وەک جیاوازی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژوویی دەردەکەون. کتێبی یەکەمیان ((مێژوو چییە؟ whatis history?، بەرهەمی ئی. ئێچ. کار بوو لە ساڵی ١٩٦١ بڵاوبۆوە. کاکڵەی بۆچوونی ئەوەیە هەر نووسراوێک لەسەر مێژوو لە هەنگاوی یەکەمدا، دەرئەنجامی ئەو سەردەمەیە کە نووسینەکە تێیدا بەرهەم هاتووە. کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی مێژوونووس بۆ "کار" ئەوەندە گرنگن بەباوەڕی ئەو مرۆڤ بەر لە خوێندنەوەی هەر بەرهەمێکی مێژوویی دەبێت سەرەتا لەخودی مێژوونووسەکە بکۆڵێتەوە و بزانێت کێیە و لە چ سەردەمێکدا ژیاوە.)) (زادە، ١٣٩٧، ٨) بەباوەڕی کار، ڕووداوی مێژوویی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە و دەبێت لێی بکۆڵدرێتەوە و کات و ساتی دەستنیشان بکرێت وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ڕاست و دروست. دوای ئەوە کتێبی (( کردەی مێژوو The practice of Historyی سێر جێفری ئیلتن بڵاوبۆوە، لەڕوانگەی ئیلتنەوە مێژوونووس توانای دۆزینەوەی ڕاستی هەیە و دەتوانێت بەلێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕاستی بەرهەست و بێلایەنانەی ڕووداو یا خودی کەسایەتییەک دەستنیشان بکات. هەروەها ئیلتن پێیوایە، مێژوونووس بەپشتیوانی سەرچاوە مێژووییەکان دەتوانێت خۆی لە کارتێکەریی ئایدۆلۆژیا دەرباز بکات و لایەنی ڕاستەقینەی ڕووداوێکی مێژوویی ئاشکرا بکات.)) (زادە، ١٣٩٧، ٩) هەر لەبارەی جیاوازی نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، دەستەیەک پەیدا

دەبن لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی هەریەک لە "رۆلان بارت" و "میشێل فۆکۆ"وە کە لێرەشدا ڕەوتی پۆست مۆدێرنیزم دێتە کایەوە ((بۆ مێژوونووسێکی پۆست مۆدێرن، مێژوو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گێڕانەوەی خەیاڵئامێزدا نییە و دەقێکی مێژوویی دەکرێت وەک دەقێکی ڕۆمانی و داستانی بخوێندرێتەوە.)) ( زادە، ٢٠١٠، ٢ ) لێرەشدا بیروباوەڕی مێژوونووسەکە بۆ ئێستایە نەوەک بۆ ڕابردوو. زۆر جار وایە مرۆڤ لە ژینگەی بەسەرچووی رابردووی دەردەچێت و دەچێتە ناو چوارچێوەی ژینگەی ئێستای لەڕوانگەی ئێستاوە سەیری ڕووداوەکان دەکات و دەیانگێڕێتەوە. "ئێڤەنس" لەبارەی پۆست مۆدێرنیزمەوە پێیوایە ((ئەوەی کە تیۆریسیە ئەدەبییەکانی پۆست مۆدێرنیست مێژوو وەک ئەدەبیات دەبینن، هاندەرێکی بە کەڵکە بۆ مێژوونووسان بۆئەوەی مێژوو باشتر و جوانتر بنووسنەوە.)) (زادە، ٢٠١٠، ٣) هەرچی دەربارەی ڕۆمانیشە ئەوا ((ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی کرانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەت لەسوود وەرگرتنی لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەناویشیاندا مێژوو. مێژوو وەکو مەیدانی ڕووداو و ژیانی ڕابردوو، هەوڵێکە بۆئەوەی واقیعی ڕابردوومان بۆ بگێڕێتەوە. لێرەدا پەیوەندی لەنێوان ڕۆمان و مێژوو دروست دەبێت و ڕۆمانی مێژوویی پەیدا دەبێت.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٢) جگە لە مێژوونووس، رۆماننووسیش دەتوانێ گیانێکی تازە و نوێ بە مێژوو ببەخشێت، لە ئەفراندن و داهێنانێکی تردا بەرجەستەی بکات کە بەوکردارەشی رۆمانی مێژوویی بهێنێتە دی. لێرەشدا دەتوانێ قەرەبۆی ئەوە بکاتەوە کە ئەوەی مێژوونووس درکی پێنەکردووە و نەیبینیوە، ئەو دەیخاتە بەر دید و پێشهاتەکانی خۆیەوە. لەم بارەیەوە "ئیسماعیل حەمەئەمین" سەبارەت بە ڕۆمان دەڵێت: ((رۆمان خۆی مێژووە.)) (خەیات، ٢٠١١، ٦٧)

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئامانجەی کە پەیوەندیی نێوان( ئەدەب و مێژوو) دەردەخات" چونکە "ڕۆمانی مێژوویی" و سەرجەم جۆرەکانی تری ڕۆمانیش ژانری تایبەتی سەربەجیهانی ئەدەبیاتن و ئەدەبیاتیش بۆ خۆی لە مێژووی گشتی شارستانیەت و هزری مرۆڤایەتیدا بەشدارە و دابڕاو نین لە یەکتری. لێرەدا دەکرێت بڵێین "ڕۆمانی مێژوویی" کارێکی ئەدەبییە و مێژوو دەکاتە کەرەستە بۆ خۆی، بەڵام مێژوو دەقاودەق وەکو خۆی ناگوێزێتەوە بۆ ناو خودی خۆی. ئەم سوود وەرگرتنەش لە مێژوو وەک کەرەستەی سەرەکی کاری ڕۆماننووس و مێژوونووس وایکردووە کە "ڕۆمانی مێژوویی" وەک ژانرێکی ئەدەبی دوو لایەنە دەربکەوێت، چونکە ڕۆمانی مێژوویی کۆکردنەوەیە لە نێوان سیفاتە ئەدەبییەکان و سیفاتە مێژووییەکاندا. بۆیە ئەگەر وا پێویست بکا کە ((نووسەری ڕۆمانی مێژوویی پابەندی ڕاگرتنی هاوسەنگی بێت لە نێوان خەیاڵ و حەقیقەتدا لە کارە ئەدەبییەکەدا، ئەوا زەبری حەقیقەتی ڕووداوە مێژووییەکان ڕۆمانەکەی تێکدەشکێنێت وەک چۆن خەیاڵیش حەقیقەت تێکدەشکێنێت.)) (خەیات، ٢٠١١، ٧٣) حەقیقەت و خەیاڵیش سنووری جیاکەرەوەی نێوان ڕۆمان و مێژوون. ((بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمانی مێژوویی یەکێکە لە جۆرەکانی ڕۆمان، پێناسە و لێکدانەوەی زۆری بۆکراوە، ئەوەی هەموویان لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەیە کە مێژوو تاکە ماددەی سەرەکییە بۆ ئافراندنی ڕۆمان.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠،٤) دەکرێ ڕۆمان خۆی بۆخۆی هەڵگری زمانێک بێت کە کەمترین فۆڕمی گێڕانەوەی واقعی هەبێت و ڕەهەندێکی هونەری هەبێت بۆئەوەی جیاوازی لەنێوان گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕۆمان و گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی دەربخات. ((لەناو خودی ڕۆماندا، هەندێ ڕۆمان هەن کە کاریگەری واقعیان زیاتر بەسەردا زاڵە لە ڕۆمانەکانی دی، یا زیاتر لە واقیعەوە نزیکن و کەسایەتی و ڕووداو و بەسەرهاتە مێژوویی و واقعییەکان دەکەنە بابەتی خۆیان ، هەربۆیەش لە بواری ڕەخنەی

ئەدەبیدا، پۆڵێنبەندی لەنێوان جۆرەکانی رۆمان کراوە و لەنێو جۆرەکانی ڕۆمانیش "رۆمانی مێژوویی" و "ڕۆمانی ریالیستی ـ واقعی" هەن.)) (بەرزنجی، ٨،٢٠١٨) کەواتە چ رۆمان چ هەر دەقێکی تری ئەدەبی بێت بەدەر نییە لە کۆپیکردنی واقیع یا بەپێچەوانەوە دوور نییە لە کارتێکردنەکانی واقیع بەسەرییەوە. ((ئەگەر مێژوونووس خۆی بە چەکی بینین و سەلماندن تەیار بکات، ئەوا رۆماننووس دواجار وەک هونەرمەندێکی نیگارکێش بەریزکردنی پەیڤەکانی، تابلۆی دیوی ناوەوەی مرۆڤەکان دەکێشێتەوە و بەم کارەشی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئەوان دەخاتە ناو تابلۆیەکی زەینی بە وردەڕیشاڵەوە.)) (زادە، ١٣٩٧، ٧٩) کەواتە یەکێک لە سەرچاوەکانی نووسینی ڕۆمان بریتییە لە واقیع، لەناو واقیعیش مێژوو وەکو بەشێک لە واقیع سەرچاوەیە بۆ ڕۆمان بە گشی و ڕۆمانی مێژوویی بەتایبەتی.

**تەوەرەی دووەم: پەیوەندیی گێڕانەوە لەگەڵ رووداودا :**

رووداو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی رۆمان، بۆ ئەم مەبەستەش رۆمان لە چەند رووداوێکی بەسەریەکەوە پێکهاتووە، بەبێ رووداویش رۆمان دروست نابێت. رووداو پەیوەندییەکی پتەوی بە پرۆسەی گێڕانەوە هەیە، وەنەبێت شتێکی لابەلا بێت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا.ئەرکی گێڕانەوەش بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێک رووداو و بەسەرهات کە بەسەر کارەکتەرەکانی نێو رۆماندا دێت. کەواتە رووداو بەشدارییەکی کارا لەگەڵ پرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو ڕووداوانەی دروست دەکرێن چۆنن، واتە چۆنیەتی دروستکردنی ڕووداو گرنگە، کە لەناو تیۆرەکانی ڕۆماندا بە ڕووداوسازی ناسراوە. ڕاستە ئێمە ڕووداوێکی واقیعی، یان مێژوویی دەکەینە کەرەسە بۆ ڕۆمان، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ئەو ڕووداوە مێژووییە دەکەینە ڕووداوێک لەناو ڕۆمان. ((گێڕانەوە، مێژوویەکی

دوور و درێژی هەیە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە، گێڕانەوەش هەیە، بەڵام پڕۆسێسەی گێڕانەوە بەپێی سەردەمەکان و ڕووداوەکان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. تاکو ئەم سەردەمەی ئێستا لەقالبی ژانری رۆماندا خۆی بینیوەتەوە.)) (مەنتک، ٢٠١٧، ٤) دەکرێ پرسیارێک بکەین و بڵێین ئایا بۆچی مرۆڤ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە؟ لەوەڵامی ئەوەدا دەڵێین (( بەهۆی دوو هۆکار ئەم کارە دەکات : یەکیان، هەمیشە مرۆڤ شتێکی بۆ گوتن پێیە، دەیەوێ بیگەیەنێ، لێرەشدا لەکاتی گەیاندندا بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆی تێکەڵ دەکات. ئەوی دیکەیان، هەمیشە دەیەوێت شتێک کەشف بکات، چونکە نووسین جۆرێکە لە کەشفکردن.)) (مەنتک، ٢٠١٧، ٤) هەروەها مرۆڤ بەردەوام دەیەوێت خۆی بە نەمری بهێڵێتەوە و شارستانیەتی خۆی بپارێزێت. ئەگەر گێڕانەوە نەبا ئەو مێژووە دوور و درێژەی مرۆڤایەتی پارێزراو نەدەبوو. بۆیە دەبینین مێژوویەکی زۆر لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ڕێی ئەفسانە، هەقایەت و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانەوە پارێزراوە. لەنێوان رۆمان و مێژوودا چەند توخمێکی هاوبەش هەن، گێڕانەوە یەکێکە لەو توخمانە. گێڕانەوە بوعدێکی هونەری هەیە هەریەک لە وەسف و گوزارشتکردن و لایەنی زمانی لەخۆ دەگرێت. لەکاتی خوێندنەوەشیدا، خوێنەر بەر کارەکتەر و کات و شوێن و چەندین توخمی دیکە دەکەوێت. بە هەمان شێوە لە مێژوودا خوێنەر بەر هەموو ئەو توخمانەی گێڕانەوە و ڕۆمان دەکەوێت، بەڵام ئەم توخمانە لە مێژوودا واقیعین و خەیاڵی نین. ((مێژوو بریتییە لەگێڕانەوەی ئەو شتانەی ڕوویانداوە و بەم پێیەش دواجار شتێک نییە جگە لە گێڕانەوە و کاتێک کە دەنووسرێتەوە دەبێت بە دەقێک کە ناتوانێ خۆی لە گەمە زمانییەکان دەرباز بکات و ئەم لایەنی گێڕانەوەییە دەبێتە خاڵی هاوبەشی هەموو گێڕانەوەکان، بەجۆری مێژوویی و چیرۆکی یاخود داستانییەوە، لایەنی زەینی و

خەیاڵی بە دەرەجەی جیاواز، بەسەر هەموو جۆرەکانی گێڕانەوە زاڵە.)) (زادە، ١٣٩٧، ٨٠)

ڕووداو لەگەڵ هەردوو ڕەگەزی "کات و شوێن" پەیوەندییەکی پتەوی هەیە، چونکە کات و شوێن ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕاستییە هونەرییەکان لەسەر گێڕانەوە وەستاوە. مێژوونووس یان ڕۆماننووس ئەو ڕووداوانە هەڵدەبژێرن کە لە واقیعدا بوونیان هەیە، دواتر بەهۆی هونەرەکانی گێڕانەوە دەیانکات بە ڕووداوی هونەری بابەتەکەی.

ڕۆماننووس دەتوانێت سوود لەو بەسەرهات و ڕووداوانە وەربگرێت کە کێشەوگرفتی زەقی نێو کۆمەڵگەن و پەیوەندییان بە ژیانی نێو کۆمەڵگەوە هەیە، بەڵام کە ڕووداوەکان وەردەگرێت پێویستە وەکو خۆی نەیگێڕێتەوە چونکە ((دەگونجێت بەسەرهاتی چیرۆکەکە لە واقیعدا ڕوویدابێت، بەڵام ڕۆماننووس پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت کە ڕۆژنامەنووس نییە هەواڵ بگەیەنێت، بەڵکو نووسەرێکە نەخشەی جیهانێکی باڵاتر لە جیهانی واقیع دەکێشێت، جیهانێک نە پاشکۆی واقیعە و نە ڕاستگۆیی هونەریشی تێدا فەرامۆش دەکرێت)) (سابیر، ٢٠٠٩، ٢٩) هەروەها ڕۆماننووس دەتوانێت سوود لە ئەزموونە کەسییەکانی خۆی وەربگرێت وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە خۆی لێوەربگرێت. ئەوکاتە ڕۆماننووس دەتوانێت زیاتر لە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە قووڵبێتەوە و ڕاستگۆیانەتر باسیان لێوەبکات، ئەمەش کاریگەری زیاتر لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت، چونکە لە نێو ڕووداوەکان ژیاوە و زۆر بەچاکی هەستی پێدەکات. هەرچی گێڕانەوە مێژووییەکانە لە سەردەمێکی تایبەت دەدوێن و تاک و تەنهان، لەمێژووی نوێشدا ئەنجامی ڕووداوەکان و سەلماندنی، پێویستییان بەجۆرێک لە پشتڕاستکردنەوە هەیە ((دەکرێ لەکاتی نووسینەوەی بیرەوەریدا ڕووداوی مێژوویی وا هەبن، گەڕانەوەی نووسەر بۆ دواوە پێویست

بکەن، نووسەر گێڕانەوەی ڕووداوەکە لە زاری کەسانی دیکەوە یا لەمێژووی چاپکراودا بگێڕێتەوە.)) (شۆرش، ٢٠٢١، ٢٣ )

سەبارەت بە حەقیقەت و خەیاڵ ئەگەر باس لە مامەڵەی ڕۆماننووس و مێژوونووس بکەین لەگەڵ ڕووداودا نابێت ئەو ڕاستییەمان بیر بچێتەوە کە ((ڕۆماننووس هیچ کات لە خەیاڵ ناپەنگێتەوە و لە هەر شوێنێک هەستبکات بابەت یان ڕووداو یان هەر توخمێکی دیکەی ناو ڕۆمان خەیاڵی تێدایە و لە خزمەتی دەقەکەیدایە، ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ سوودی لێدەبینێت، بۆیە ئاساییە لەنێو ڕۆمانێکدا ڕووداوی خەیاڵی و هونەری واقیعی ببینین.)) (شێخ محمد، ٢٠٠٧، ١٥٨) لێرەشدا بەهەمان زمانی واقیع و خەیاڵەوە ڕووداوەکان لەدەقێکی ڕۆماندا بەرجەستە دەکات و بیۆگرافیای ڕۆمان ئەوەیە کە دەخوێندرێتەوە ((ڕۆماننووس بۆئەوەی قەناعەت بە خوێنەر بکات، دەبێ ڕووداوەکە سیحراوی نەک ئەفسانەیی نیشان بدات. ڕۆماننووس بۆ دروستکردنی ڕۆمانەکەی سەرچاوەی یەکەمی واقیعە، ژیانی کۆمەڵەکەیەتی، بەڵام دەکرێ لەناو ڕۆمانەکەدا بەهۆی تێکەڵکردنی خەیاڵەوە ئاڵۆزییەک بئافرێنێت، سیحرێک بە ڕووداوەکان ببەخشێت. سنووری نێوان خەیاڵ و واقیع وەها تێکەڵ ببن، نەتوانی بەئاسانی لە یەکیان جودا بکەیتەوە.)) (مەنتک، ٢٠١٧، ٤) کێشەی مێژوونووس لەگەڵ ڕووداو لەوەوە دەسپێدەکات کە حەقیقەتی ڕەها بوونی نییە و لای کەسیش نییە، بەڵام یەکێک لە سیفەتەکانی مێژووی نووسراو ئەوەتا ئەوەیە کە دەیەوێت بیکاتە حەقیقەتێکی ڕەها و گشتگیری بکا، بۆیە ((مێژوونووس توانای بەسەر کۆی گێڕانەوە و تۆمارکردنەکەدا ناشکێتەوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مێژوو بریتییە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان وەک ئەوەی ڕوویانداوە و لە واقیعدا بەرجەستە بوونە.)) (خەیات، ٢٠١١، ٦٢). ئەمەش کاری مێژوونووس گران دەکات، چونکە بەدوای ڕابردوو دەڕوات تا بگاتە حەقیقەت،

لەلایەکی ترەوە زمان و شێوازی خستنەڕوو و کەسێتییەکان پشتگوێ ناخات، ئەمە وادەکات کە نەتوانێت وەک پێویست سەرجەمی ڕووداوەکان کۆبکاتەوە و بیانپێکێت. ڕوویەکی تری مێژوو ((نووسینەوەی درۆ و چەواشەکاریەکانە، نووسینەوەی دیوێکی چەواشەکارانە و لایەنگیرانەی ڕووداو و داستانەکانە، کە هەندێ جار پێدەچێت هەر نەبووبن و ڕوویاننەدابێت، خۆ ئەگەریش ڕوویاندابێت، بەڵام هێندە بەزیادەڕۆییەوە و بەلایەنگیرییەوە نووسراونەتەوە هیچی ئەوتۆیان تێدا نەماوەتەوە تابلۆیەکی واقعییانە و راستگۆیانەی ئەو قۆناغە مێژووییە یا ئەو ڕووداو و ڕووداوگەلە بخەنە بەردەممان.)) (رسول، ٢٠١٩، ٢) مێژوو کەرەستەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو هەوڵێکە بۆ وانەوەرگرتن لە ڕووداوەکان. (( مێژوونووسی یۆنانی توسیدید، نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر، لە کتێبەکەی خۆیدا سەبارەت بە شەڕی پیلۆپۆنیزدا دەڵێت : کە شاعیران و کەسانی تر گێڕانەوەی هەڵە و خەیاڵی لەم شەڕە تۆمار دەکەن.)) (زادە، ١٣٩٧، ٨٠) ئەگەر ئەوە وەکو سەرەتایەک بۆ جیاکردنەوەی گێڕانەوەی مێژوویی لەشێوەکانی تری گێڕانەوە دابنێین، دەبێت ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ئەمانەتەوە تۆمار بکرێن. تاڕادەیەک مێژوونووسان بە ئەمانەتەوە دەنووسن، بەڵام ڕۆماننووس بەپێچەوانەوە دەتوانێت هەموو ڕووداوێک ڕەنگ و فۆڕمی تری جیاواز لەخۆی پێببەخشێت و ڕووداوەکان ڕوونتر هەروەکو کتێبێکی مێژوویی پیشان بدات. ئەم قسەیەی "تۆسیدید" ڕوویەکی دیکەشی هەیە، ئەویش ئەوەیە مێژوو واقیع وەک خۆی دەگوازێتەوە، بەڵام گێڕانەوە بە گشتی هەوڵ دەدات خەیاڵ بکاتە پێوەری گێڕانەوەی ڕووداوەکان. بۆیەیش دەبینی زۆربەی پاشاکان لە کۆندا لە کاتی بوونی شەڕدا هەموو مێژوونووس و هەم شاعیرانیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد، تاکو شەڕەکە بە هەردوو باری واقیع و خەیاڵ بگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. (( مێژوو

وەک دیسپیلینێک و جیاوازی ئەم دیسپیلینە لەگەڵ جۆرەکانی تری گێڕانەوەدا، پێشینەیەکی زۆر کۆنی هەیە، لەکاتێکدا لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی تری گێڕانەوەی وەک ئەفسانە، گۆرانی، فۆلکلۆر، حەکایەت، شیعر، بەیت و حەیراندا، جێ پێی مێژوو بە بەردەوام دیارە، مێژوو بۆخۆی هەر لە سەرەتای ئامادەیی مێژوونووسان بانگەشەی سەربەخۆیی و جیاوازیی خۆی لەوانی تردا کردووە.)) (زادە، ٢٠١٠، ٤) چرکەساتێک هەیە ئەو ڕووداوە جۆراو جۆرانە دەگێڕێتەوە کە لەنێو خودی مێژوودا دەکەوێتە ژێر سایەی ڕووداوگەلێکی ترەوە، چونکە ڕەهەندەکانی مێژوو لە رۆماننووسێکەوە بۆ رۆماننووسێکی تر و لە رۆمانێکەوە بۆ رۆمانێکی تر دەگۆڕدرێت. بەوەش کاریگەری مێژوو بەلای مرۆڤەوە لەکاتی خوێندنەوەدا وەک ئەو کاریگەرییە نابێت کە خوێندنەوەی ڕووداوێکی مێژوویی دەیهێنێتە کایەوە. ((ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە ڕۆماندا دەردەکەون، زۆرجار لەلایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن)) (کوندیرا، ٢٠٠٨، ٢٨) ڕۆماننووس بەخوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبی کە مێژوو دەگێڕێتەوە، دەتوانێ هەڵگری هەندێک داتا و زانیاریی بەنرخی مێژوویی بێت کە لە مێژوونووسیدا تۆمار ناکرێت، بەڵام ئەو لە دووتوێی رۆمانێکدا دەیگێڕێتەوە. ڕۆمانتیکەکان خزمەتێکی باشیان بە ڕۆمانی مێژوویی کردووە و ((داوایان دەکرد بەرگێکی مێژوویی بەبەر ڕۆماندا بکرێت و هەستی سەردەمی تێدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمە تەواو لە ڕۆمانەکانی "واڵتەر سکۆت"دا دەبینینەوە.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٤) ئەو ڕێگەیەی واڵتەر سکۆت، ڕێگایەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی بنیاتی پلۆتی ڕۆمان دابمەزرێت و کارەکتەری سەرەکی تیایدا هەڵبژێردرێت. سکۆت ((بەشێوەیەکی نوێ لە مەزراندنی مێژوو بۆناو ڕۆمان دەڕوانێت، لەلای ئەو ڕۆمانی مێژوویی زیندووکردنەوەی قۆناغێکی مێژووییە، کە بوونی نییە، ئەو لە ڕێی کارەکتەرە بەناوبانگە مێژووییەکان و کارەکتەرە خەیاڵییەکانەوە

بەشێوەیەکی تازە بەدوای ئەو قۆناغەدا دەگەڕێت و دەیئافرێنێت.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٤) "بیوکن" بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ڕۆمانەوە دەڵێت: ((هەموو ڕۆمانێک هەوڵێکە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ژیان لەماوەیەک لەماوەکانی مێژوودا )) (الشمالی، ٢٠٠٦، ١١٤)

سەبارەت بەوەی کە ڕۆمان هونەری گێڕانەوەیە یان نا ؟ ئەوا " د. حەمە مەنتک" پێی وایە کەوا (( ڕۆمان دەبێ شتەکان پیشان بدات، نەک بیانگێڕێتەوە، ئەوەش وادەکات دەق نەبێتە هۆکار و وەسیلە بۆ گواستنەوەی پەیام.)) (مەنتک، ٢٠١٧، ٤) واتە ڕۆمان تەنیا ئەرکی گێڕانەوە نییە، بەڵکو دەبێ ڕووداوەکان بەرجەستە بکات و خوێنەر هەست بە هەموو شتەکان بکات. "جەبار جەمال غەریب"یش لەو بارەوە دەڵێت ((رۆمان هونەری ئێستایە، ئێستایەک کە بەردەوامە، ئێستایەک کە کۆتایی نایات.)) (خەیات، ٢٠١١، ٨٣) ئەمەش بایەخی ئەو بیر و ڕایەمان بۆ دەردەخات کە پەیوەندیی نێوان پرۆسەی گێڕانەوە و رابردوومان بیردەخاتەوە، چونکە وەک دەزانین هەموو گێڕانەوەیەک(( بریتییە لە گەڕانەوە بۆ رابردوو و زیندووکردنەوە یان هێنانەوەی یادەوەرییەکانە، لێرەوە رۆڵ و پەیوەندیی مێژوو دەردەکەوێت لە پێکهێنانی ئەو پرۆسەیەدا، کە ئەویش پرۆسەی بنیاتنانی شوێنکەوتەیە لە دەقی گێڕانەوەدا.)) (خەیات، ٢٠١١، ٨٣)، گەڕانەوە بۆ رابردوو و وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان کاریگەرییان بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر مرۆڤەکان دەمێنێت، زۆرجار ئەو کاریگەرییە هەمیشەییە. هونەری گێڕانەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەشێوەی بەرهەمهێنانەوە هەیە. ((لەچەند دەیەی ڕابردوودا جۆرێک لەبۆچوونی ڕێژەیی خوازانە بەسەر لێکدانەوەی گێڕانەوەکاندا زاڵ بووە و ڕاو بۆچوونەکان لەسەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دەقگەلی گێڕانەوەیی تاڕادەیەکی زۆر گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەجۆرێک کە جیاوازی ژانرە ئەدەبییەکان و ئەوەی کە پێی دەگوترێت مێژوو، زۆر کەم بۆتەوە. کەسانێک هاتن و

گوتیان، دەقگەلی گێڕانەوەیی هەموویان وەک یەکن و بۆ مەبەستی ناسینی "ڕابردوو" کە شتێک نییە لە دەرەوەی کاریگەری " ئێستا " لەسەر زەین و ناسینی گێڕەوە. هەموو دەقە گێڕانەوەیییەکان بەمێژوویی و ئەدەبییەوە هەڵگری کارکردییەکی هاوچەشنن )) (زادە، ١٣٩٧، ٨٤-٨٥)، ئەمەش گرنگیی هەریەک لە مێژوو و ڕۆمانمان بۆ دەردەخات لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەرجەستەکردنیان لەدەقی مێژوویی و دەقی ڕۆماندا.

## تەوەرەی سێیەم: جیاوازی نێوان ڕووداوی ڕۆمان و ڕووداوی مێژوویی :

ڕووداوەکان پەیوەستن بە ئەرکی هەریەک لە ڕۆماننووس و مێژوونووس، کە بەرهەمی کۆششی هەریەک لەو دووانە لە ئەنجامی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە ڕۆمان و مێژوودا دەبینرێتەوە.کۆی بابەتەکەش پەیوەستە بە سروشتی دەقە گێڕدراوەکەوە لەلایەک و دەقە مێژووییەکەوە لە لایەکی ترەوە.لێرەدا تیشک دەخەینە سەر هەردوو جۆری گێڕانەوەکان.ڕۆماننووس بۆ نووسینەوەی ڕۆمانەکە پێویستی بە هەبوونی ڕووداوێک، یان چەند ڕووداوێکە تا بتوانێت لە میانەی کردەی گێڕانەوەکەدا درێژە بەکردەی گێڕانەوە بدات و دەقەکەی بە ئاستەکانی بنیاتی دەقی گێڕانەوەبەندیی تەواودا تێپەڕێنێت، ئەو ئاستانەش بریتین لە (دەسپێک، گرێ، لووتکە، کۆتایی) مەرجیش نییە ئەم زنجیرەبەندییە لە هەموو ڕۆمانێکدا بەو شێوەیە بێت، ڕەنگە پاشوپێشی تێدا بکرێت پتر بەهێزکردنی لایەنی هونەری ڕۆمانەکە. ڕۆماننووس لە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداودا شێوازی خۆی تێدا دەخاتە ڕوو، کەواتە ((لە هەموو ڕۆمانێکدا و بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو کۆمەڵێک ڕووداو ڕوودەدەن، لەبەر ئەوەی ڕووداو هەبوو ئەوا گێڕانەوەش دروست دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، چونکە سادەترین شێوەی گێڕانەوە

بریتییە لەوەی کە ڕووداوێک یان زنجیرە ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە.)) (خەیات، ٢٠١١، ٢١)

گێڕانەوەی رووداو بەشێوەیەکی گشتی لەسەر سێئاستی جیاواز بنیات دەنرێت، کە بریتین لە:

١. رووداوێک کە ڕوویداوە.

٢. رووداوێک کە لە ئان و ساتی ڕووداندایە.

٣. رووداوێک کە ئەگەری روودانی لە ئایندەدا هەیە.

رووداو لە رۆماندا جیاوازە لەگەڵ رووداو لە مێژوودا، رووداو لە ڕۆماندا ((چینە کۆمەڵایەتییەکانی بە تەواوی جیاوازییەکانییەوە وێنا کردووە. ئەمەش نزیکایەتی پتری بە رۆمان بەخشیوە لە واقیع و مەودای هەڵبژاردنی رووداوەکانی لە واقیع زیاترکردووە)) (شێخ محمد، ٢٠٠٧، ١٥٩) هەرچی رووداوی مێژووییە ئەوا مێژوو هەموو ڕووداوێکی ئاسایی و کاریگەرمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ڕوویانداوە، مێژووی میللەتێک دەگێڕێتەوە کە کات و دەربڕینی شوێنی مێژووەکە دیارە. (( گێڕانەوە مێژووییەکان پڕن لە وردەکاری گێڕانەوەی بە بەڵگەیی، بەڵام بە ئاراستەی جیاواز و تەنانەت دژبەری یەکتردا.)) (زادە، ١٣٧٩، ٧٩)

سەبارەت بە جیاوازی نێوان رووداوی مێژوویی و رووداوی رۆمان تیشک دەخەینە سەر بیروبۆچوونی "ئەرەستۆ" کە دەڵێت: ((مێژوونووس باسی شتێک دەکات کە ڕوویداوە، شاعیریش باسی شتێک دەکات کە لەوانەیە رووبدات.)) (گەردی، ٢٠٠٤، ٣٧) هەرچەندە لێرەدا باسی شیعر کراوە، بەڵام وەک دەزانین کۆی نووسینی ئەو کاتە بە شیعر بووە، تەنانەت ئەفسانەکانیش بە شیعر داڕێژراون، شانۆی تراژیدی و کۆمیدیش هەر بە شیعر بووە، بۆیە ئەم بۆچوونە بۆ ڕۆمانیش هەر راستە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە رووداوەکانی نێو رۆمان رووداوێکن لەوانەیە رووبدەن، یا ئەگەری روودانیان هەیە، بەڵام

مێژوو ((زانستێکە لەو ڕووداوانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەست بە مرۆڤە و لە مێژوویەکی لەوەوبەردا ڕوویانداوە.)) (محمد،٢٠٠٩، ٥٠- ٥١)

ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆماننووس دەیانگێڕێتەوە زۆر وردن، جێگای بایەخن، بەڵام مێژوونووس زۆربەی ڕووداوەکان تێدەپەڕێنێت، تەنها ئەوانە دەگێڕێتەوە کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا گرنگن و جێگای بایەخن. هەندێک ڕووداو هەن لە ڕۆماندا دیوێکی دەروونییان هەیە، پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، بەڵام مێژوونووس گرنگی بەلایەنی دەروونی نادات وەک ڕۆماننووس. ((ڕۆمان وەک دیسکۆرسێکی ئەدەبی کە تییدا لایەنی خودئاگا و ناخودئاگای گێڕانەوە تێکەڵ دەبن، بەستێنێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی فەزای دەروونی و کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی خەڵکانێکی دیاریکراوی سەردەمانێکی دیاریکراو.)) (زادە، ١٣٧٩،٨٢) "سەلمان روشدی" دەڵێت: ((ڕۆمان ڕاستییەکەی لەوەدایە شتگەلێک تۆمار دەکات، کە مێژوو فەرامۆشی کردوون، ئەو شتە لەبیرکراوانە دەنووسێت کە مێژوو نایاننووسێت) (خەیات، ٢٠١١،٦٣) لێرەدا ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان کۆپی ڕووداوەکانی دەرەوە نین، بەڵکو تێکەڵ بە ڕەگەزی خەیاڵی دەکات و بەرگێکی هونەری پێدەبەخشێت، بەڵام مێژوو ڕووداوەکان وەک خۆی دەگێڕێتەوە، زۆربەی بوارەکان فەرامۆش دەکات، واتە ناچێتە نێو هەموو شتەکانەوە وەک ڕۆماننووس دەیکات. ((نووسینی مێژوو دواجار ڕاڤەیە نەک شتێکی تر، تیۆری زانایان و فەیلەسووفەکان لە سەدەی ڕابردوودا ئەم بابەتەیان خستە ژێر نیگای وردی خۆیان و ڕێچکەیەکی هزرییان دامەزراند کە لە نیچەوە هەتا هایدگیر و فۆکۆ و گرینبلات و ویلیامز و کەسانی تر هەوڵی کارکردی زەین و گێڕانەوەیان دا و هەریەکەیان بەشێوەیەک چووە پێشوازی تێگەیشتن لە دیاردەکان و ڕاڤەی گێڕانەوەکان. بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو بیرمەندانە لە خوێندنەوەی دەق و ڕاڤەکردندا قورسایی زەینە بەسەر عەیندا.)) (زادە، ١٣٩٧، ٨٤)

ئەوەی مێژوو دەنووسێتەوە جیاوازە لەوەی ڕۆماننووس دەینووسێتەوە، چونکە ((ئەوەی مێژوو تۆمار دەکات و ڕێڕەو و ئەدگارێکی تایبەتی دەداتێ، کەسی براوە و سەرکەوتووە بە ئەنقەست دەیەوێت ڕۆڵ و بایەخ و ئازایەتی خۆی لەسەر حیسابی ژێرکەوتوو دەربخات.)) (خەیات، ٢٠١١، ٦١ ـ ٦٢)، هەروەها دەتوانین بڵێین ئەوەی ڕۆمان لە مێژوو جیادەکاتەوە ((بەرجەستەکردنی وێنەیەکی دیکەی نوێیە بەدەر لە وێنە مێژووییەکە. نوێ بەو مانایەی ڕۆماننووس چەند لە کلاوڕۆژنەی ئەدەبەوە بۆ ڕووداوەکان دەچێت و گوزارشتییان لێدەکات.)) ( رواندزی، ٢٠١٨، ٢) ئەمەش ئەوە دەرەخات کە ڕێڕەوی هەر یەکە لە ڕۆمان و مێژوو جیاوازە، مێژوو کۆپی ڕووداوەکانە، بەڵام ڕۆمان کۆپی نییە بەڵکو تەواوکردنی ڕووداوەکانی مێژووە، ئەو ڕووداوانەی کە مێژوو تۆماری نەکردوون ڕۆمان تۆماریان دەکات.

یەکێک لە جۆرەکانی ڕۆمان بریتییە لە ڕۆمانی مێژوویی ((کەلە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەبەرهەمەکانی والتەر سکۆت لەدایک بوو. لەڕاستیدا تیمی سەرەکی ڕۆمانی مێژوویی، ڕووداوگەلی مێژوویین، بەڵام ئەم تیمە هاوبەشە لەنێوان ڕۆمانی مێژوویی و مێژوونووسیدا، بە دوو شێوەی جیاواز خۆی دەردەخات.)) (زادە، ١٣٩٧، ٧٨) لەزۆر ڕەهەندەوە دەکرێ باس لەجیاوازیی مێژوو و ڕۆمانی مێژووییش بکرێت، ئەگەرچی هەردووکیشیان باس لەبوارێکی مێژوویی دەکەن. شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کارەکتەر و ڕووداوەکان جیاوازە لە یەکتریدا، مێژوو دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان پیشان بدات و ڕۆمانیش کار لەسەر کارتێکردنی دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان بکات. ڕۆمانی مێژوویی ((ئەو جۆرە ڕۆمانەیە کە ڕووداوەکانی لە مێژوو و کەسایەتییە مێژووییەکان سەرچاوە دەگرن. ئەم جۆرە ڕۆمانە هەمیشە هەوڵدەدات ڕووداو و کەسایەتییەکانی ڕابردوو، لە ئێستادا ئامادە بکات و پێمانی بناسێنێ و هەندێ وردەکاری

دیکەمان پێ بڵێ کە مێژوو ناتوانێ پێمان بڵێ.)) (زراری، ٢٠١٦، ٦١) " لۆکاش"ی ڕەخنەگر و نووسەر لەکتێبی ڕۆمانی مێژوویی خۆیدا سەرەتای دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕۆمانەمان بۆ دەستنیشان دەکات و دەڵێت: ((لە سەدەی نۆزدەهەم ڕۆمانی مێژوویی پەیدا دەبێت، ئەمەش لەسەردەمی دارمانی حکومەتی ناپلیۆن بوو )) (لۆکاش، ١٩٨٦، ١١) کەواتە ڕۆمانی مێژوویی لەو سەردەمدا وەکو فۆرم و جۆرێکی نوێی ڕۆمان دەرکەوت بەسوود وەرگرتن لە مێژووەوە. گرنگییەکەشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە ڕابردوو دەهێنێت و بە ئێستاوەی گرێ دەدات لەبواری کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و فیکری و...تاد. کەواتە ڕۆمانی مێژوویی ((ڕۆمانێکە باسی نوێکردنەوەی کەسایەتی، زنجیرە و ڕووداو، خەبات و بارودۆخی یەکێک لە سەردەمەکانی ڕابردوو دەکات و بۆ دووبارە داهێنانیان دەستدەکات بە لێکۆڵینەوە لەڕووداوە ڕاستییەکانی سەردەمی ڕابردوو.)) (برابری و فرای، ٢٠٠٨، ٢٥)

ڕۆمانی مێژوویی هەوڵی سوودوەرگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان دەدات بۆ ئەوەی گوزارشت لە کێشە و ئاریشەکانی سەردەم بکات. بەمەیش دوو کات بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هەرچەندە پتر مەبەست گوزارشتکردنە لە کاتی ئێستای نووسینی ڕۆمانەکە. لێرەشدا ئەم جۆرە ڕۆمانە گەڕانەوە و فلاشباکێکی ڕووداوەکانی ڕابردووە بۆ کاتی ئێستا و بە بەرگێکی نوێ و شێوازێکی تازەترەوە ڕەنگرێژیان دەکات. ((گێڕانەوەیەکی چیرۆکئامێزە لەبارەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ڕوویانداوە، هەوڵدەدات ماوەیەکی مێژوویی بەکۆی کەسایەتییە ڕاستی و خەیاڵییەکانەوە ببەخشێت.)) (وهبە و المهندس، ١٩٨٤، ١٨٤) کەواتە لەم جۆرە ڕۆمانەدا گێڕانەوەکان پێشینەیەکی دوور و درێژی مێژووییان هەیە. ((ڕۆمانی "واڤێرلی ـ Waverley " کە لەساڵی ١٨١٤ نووسراوە، یەکەمین ڕۆمانی مێژووییە، باس لەکاتی ڕابردوو دەکات، هاوکات هەوڵدەدات شیکردنەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بکات.

بە ڕەگەزە داستانی و مێژووییە خەیاڵییەکەیەوە گەورەترین کاریگەری بەجێهێشت )) (الاعرج، ٢٠٠٥، ٣٢) تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆمانی مێژوویی لە ئەوروپادا بە سێ تایپ ڕۆیشتووە: ((لەسەرەتادا بە زیندووکردنەوەی مێژوو دەست پێدەکات، مێژوویان لەڕووی دەرەوە شی دەکردەوە، لەچوارچێوەی بیرەوەری و پاڵەوانبازی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو، ڕابەرانی ئەم ئاراستەیەش "واڵتەر سکۆت و ئالیکساندەر دۆماس" بوون. تایپی دووەمیش: ڕۆمانی مێژوویی بەرەو شیکردنەوەی لۆژیکی ئەقڵییەوە ڕۆیشت و پشتیان بە ڕاستییە مێژووییەکانەوە دەبەست. ڕابەرانی ئەم ئاراستەیەش "لیتۆن و ئیبرس" بوون. هەرچی تایپی سێیەمیشە، شیکردنەوەی سۆزی مرۆڤ ئەوەی لەناوەوە مێژوو شیدەکاتەوە لەچوارچێوەی هەستەوەرە نەمرەکانی مرۆڤەوە. ڕابەری ئەم ئاراستەیەش " ولیەم پاکاری"یە )) (نجم، ١٩٧٩، ١٦١ - ١٦٢) بێگومان لە ئەوروپادا ڕۆمانی مێژوویی پەرەیسەند و بەرەو بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی ڕۆیشت بەتایبەت دوای ڕووخانی ناپلیۆن پۆناپۆرتی فەرەنسی، کە ئەوەش بووە هۆی گرنگیدانی گەلانی ئەوروپی بە مێژوو.

بە گشتی دوو جۆر ڕۆمانی مێژوویی بەرچاو دەکەون و هەر یەکەیان خاوەن ئەدگار و خاسیەتی تایبەت بەخۆیانن و جیاواز لە یەکتریدا دەردەکەون، بۆنموونە خاسیەت و تایبەتمەندیی ڕۆمانی کۆن بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە :

((١. بەتەواوی پشت بەو ڕووداوە مێژووییانەی بە بەڵگەوە لەماوەیەکی ڕابردوو لەمێژوودا ڕوویاندابێت.

٢. هەوڵی پاراستنی ئەمانەت لە گواستنەوەی ڕووداوەکان دەدات و دوور دەکەوێتەوە لە لایەنی جوانکاری.

٣. زیاتر بایەخ بە بارودۆزی ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسی و ئابووریی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان دەدات.

٤. ڕۆمانەکەی دەخاتە خزمەتی پیرۆزکردنی کەسایەتییەکی مێژوویی و هەوڵی پاراستنی شێوەی زنجیرەیی ڕووداوەکان دەدات.

٥. مێژوو سەرچاوەی ئەم جۆرە ڕۆمانەیە.)) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٤)

ئەوە ئەگەر خاسیەت و تایبەتمەندیی ڕۆمانی مێژوویی کۆن بێت، ئەوا دەکرێت بۆ ڕۆمانی مێژوویی نوێ ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانەی خوارەوە ڕاست و دروست بێت کە ئەوانیش بریتین لە :

((١. ڕۆماننووسین لە ڕۆمانی مێژوویی نوێدا یەکەمین ئەرکی دەقی ڕۆمانە.

٢. گەمەکردن لەگەڵ کات کراوەیە، چونکە کاتی ڕابردوو و کاتی ئێستا بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

٣. گوزارشتە لەبیرۆکە و ئایدیۆلۆجیای تایبەتی ڕۆماننووس.

٤. پشت بە ڕەگەزی خەیاڵ وەکو بنیاتی سەرەکی ڕووداو دەبەستێت.

٥. جیا لەخودی خۆی هیچ سەرچاوەیەکی تری نییە. )) (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٥ )

بەشێوەیەکی گشتی زۆرجار وایە ڕۆمان و مێژوو سنوورەکانی یەکتری دەبەزێنن یا بەپێچەوانەوە تێکەڵی سنووری یەکتری دەبن، دەشکرێ لە دیوی ناوەوە و دیوی دەرەوەی ڕووداو و کارەکتەرەکانەوە جیاواز بن. هیچ دوو گێڕانەوەیەک ناتوانرێت کتومت وەکو یەکتر بن و لەکارتێکەری ڕاستەوخۆی گێڕەوە دەربازیان ببێت. ئەوەندە هەیە کە لێرەدا مێژوو وەکو کەرەستە و ماددەیەکی سەرەکی بۆ ئافراندنی ڕۆمان بەکارهاتووە.

## بەشی دووەم: جیاوازی ڕووداوسازیی نێوان مێژوو و ڕۆمان لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا:

### یەکەم: زمان لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا:

توخمی زمان لە ڕۆماندا گرنگیی خۆی هەیە، ڕۆماننووس بەهۆی زمانەوە دەتوانێت باس لە ڕووداوەکان بکات و بە خوێنەری بگەیەنێت.ڕۆڵی زمان لە ڕۆمانەکەدا وا دەبینرێت کە نووسەر زمانێکی زۆر سادە و ساکار و پاراوی بەکارهێناوە، دوورە لەهەر ئاڵۆزی و تەمومژییەک، کە ئەمەش وایکردووە خوێنەر بتوانێت بە ئاسانی لە واتا و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بگات.

ئەگەر بڕوانینە سەرەتای ڕۆمانەکە ئەوا نووسەر بە شێوازێکی سادە دەستپێدەکات و دواتر وردە وردە دەڕواتە نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە، بۆ نموونە دەڵێت: ((زستانی کوردستانە، هێندە سارد و سڕە کە کەمێ ماوە خوێنی نێو ڕەگی مرۆیان بمەیەنێ، تف هەڵاویی دەبێتە سەهۆڵ و دەکەوێتە سەر عەرزەکە و ورد و خاش دەبێت...)) (قازی، ٢٠٠٨، ١٩)، بەکارهێنانی زمانێکی سادە بە واتای کرچ و کاڵی ڕۆمانەکە نایەت، بەڵکو ڕۆماننووس بە شێوەیەکی هونەریی بەرز ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و وەکو مێژوونووسێک باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بەسەر گەلی کورددا هاتوون و لە زوڵمی ئاغا و باسی کۆماری مەهاباد وئازایەتی گەلی کورد دەکات، هەموو ئەمانەش بەزمانێکی سادەی هونەری دەگێڕێتەوە.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەدا شێوە زمانێکی ڕۆژهەڵاتی بەکاردەهێنێت کە بەشێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات قسەی پێدەکەن کە تێکەڵەی وشەی فارسی و عەرەبییە، ((جەنابی سەرکار! ترس لازم نییە، سوارەی موسەلەحی من و تیپی موسەلەحی ئێوە لە سەقز پدەری پێشمەرگەکان دەردێنێ و ئەعلا حەزرەتی هومایۆنی خەلە دەلاهوو

مولکەهوو ئیعتمادییێکی فەوقولعادەی بەئێمە هەیە)) (قازی، ٢٠٠٨، ٣٣ ) لێرەدا خوێنەر بە ئاسانی لە ڕووداوەکان تێدەگات، چونکە زمانەکە سادەیە و ڕەوانە و بە خوێنەریش ئاشنایە، ئەمەش لە زمانی مێژوو دەچێت کە سادەیە و هونەرییە، هەموو کەس بە ئاسانی تێیدەگات. ئەمەش ئاساییە و لایەنی هونەری ڕۆمانەکەی بەهێز کردووە، چونکە ڕۆماننووس بۆ ئاخاوتنی کارەکتەرەکان شێوازی ئاخاوتنی ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردووە، کە ڕووداوەکانی لێ ڕوودەدەن. بەمەش فرەیی لە زمان و ئاخاوتن بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت، ئەمەش لایەنێکی بەهێزی هونەری ڕۆمانەکەیە.

**دووەم: توخمی رووداو لە رۆمانی پێشمەرگەدا :**

لە نێو رۆمانەکەدا چەندین رووداوی جۆراوجۆر بوونی هەیە، لە هەردوو رووداوی (سەرەکی و لاوەکی). نووسەر باسی چەندین رووداوی جۆراوجۆر دەکات، کە مێژووی راستەقینەی کوردن لەوانەش( بزووتنەوەی جووتیاران و رێکخراوی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و تاوان و خیانەتی هەندێک ئاغا و هاووڵاتی ئەو سەردەمە) "عومەر مەعروف" سەبارەت بەناوەڕۆکی بەرهەمەکەوە دەڵێت: نووسەر((لە چیرۆکی پێشمەرگەدا لە جۆرێکی تری خەبات دەدوێت لەکات و سەردەمێکی دیاریکراودا بەوپەڕی زرنگی و هۆشیارییەوە لە نازدارترین تابلۆدا وێنەی جووتیارانی کورستانی کێشاوە لەگەڵ دەرخستنی دەوری گڵاوی دەرەبەگە خائینەکانی کە ئەوانەی گوڵە ساواکەی مەهابادیان لە بنەوە هەڵکێشا...)). ( بەرزنجی، ١٩٧٨، ١٣٤ )

ئەگەر بڕوانینە زۆرێک لە رۆمانەکان سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییان هەیە، هەندێک جاریش رووداوەکان لە ناوەڕاستەوە دەست پێدەکەن، لەم رۆمانەشدا نووسەر لە ناوەڕاستەوە دەست بە گێڕانەوەی

ڕووداوەکان دەکات و دواتر بەرەو سەرەتا دەگەڕێتەوە. ڕۆماننووسیش لەوکاتەوە دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات کە "پیرۆت" بۆتە پێشمەرگە و ئەندامی کۆمەڵەی"ژ. ک". بەم جۆرە هەڵوێستی ئاغا بەرامبەر بە خانەوادەکەی دەردەبڕێت بە هۆی ئەوەی کە "پیرۆت" بۆتە پێشمەرگە و باوکی پیرۆت داوای مافی خۆی لە ئاغا دەکات و ئاغاش بەو شێوەیە دێتە گۆ و دەڵێت: (( ئەرێ کێ لەوێیە؟ وەرن ئەو سەگبابەی وەدەرنێن، خێرێکمان لە سێبەری وی نەدی کەچی داوای قەرزیشمان لێدەکات، حەییە حەییە، حەی، بەڕیشی خێوت وادیارە بە هەتیوەکەت کە چۆتە سابلاغ و بۆتە پێشمەرگە پشت ئەستووری، بۆیە قسەی وا زەلام دەکەیت لە کن من)) (قازی، ٢٠٠٨، ٢١) لێرەدا ڕۆماننووس مێژووی ئەو سەردەمە بە شێوازی گێڕانەوەی هونەری دەخاتە روو، مێژوو بۆتە کەرەستەی ڕۆمانەکە، ڕۆماننووس دەیەوێت مێژووی ئەوانەمان پیشان بدات کە بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی خەڵک و بوونەتە سێبەری دەسەڵاتی بێگانە. ئەگەر تەماشای ئەم دەقە بکەین ئەوە دەردەکەوێت کە ڕۆمانەکە مێژووییە و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، لێرەدا لەکاتی پەیوەندیکردنی پیرۆت و شێرکۆ بە کۆمەڵەی ژ. ک. ناوی ئەندامێکی کۆمەڵەکە دەهێنێت کە "میرزا قۆیتاس بووە". ((ئەوان بە وردی تەماشای پەردەکەیان دەکرد لە ناکاو لە پشتەوە یەکێک وە ژوور کەوت و گوتی: شەوباش. کاکە سوار و میرزا قۆیتاس دەستبەجێ هەڵسان و شێرکۆ و پیرۆتیش لە جێی خۆیان قیت بوونەوە و لە چەشنی ڕاوەستانی کاکە سوار و میرزا ڕا زانییان کە ئەوە پیاوێکی گەورەیە و ڕەنگە ئەو کاک (بینایی)یەی کە لەماڵی کاکە سوار باسی دەکرد ئەوە بێت)) (قازی،٢٠٠٨، ١٠٤-١٠٥) دواتر ڕۆماننووس بۆ دڵنیایی لە ڕووداوەکان و دڵنیاکردنەوەی خوێنەر ساڵ دیار دەکات و باسی چالاکییەکانی کۆمەڵە دەکات کە چۆن سەرکەوتوو بوون و پەرەیان سەندووە (( لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٤٤دا ئیتر کۆمەڵەی ژ.

ک. باڵی بەسەر تەواوی کوردستاندا کێشابوو و سابڵاغ بە ئاشکرایی بەدەست کۆمەڵەوە کارو باری بەڕێوە دەبرا)) (قازی، ٢٠٠٨، ١٢٠) ڕۆماننووس توانیویەتی دەستنیشانی قۆناغەکانی ئەو سەردەمە بکات و چینایەتی بخاتە ڕوو لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی کورد کە کۆمەڵە توانیویەتی پەرەی پێبدات و دەسەڵاتێکی باشیان هەبێت لەو سەردەمەدا. توانیویەتی لایەنی مێژوویی نەتەوەکەی بە ڕۆمان بگێڕێتەوە وەک ڕۆماننووسێک. ((لە زستانی ساڵی ١٩٤٥دا هەر ئەو شەوەی کە کاک مامەند بۆ خاتری وەدەستهێنانی پاروەە نانێک لەگەڵ کەرەکەی بەو سەرما و سەغڵەتییەلە کونە ئەشکەوتەکە خزاوە و وەک مێژووکە دەلەرزی و منداڵەکانی لە ماڵێ بەبرسییەتی ماونەتەوە، لە ماڵی قەرەنی ئاغای خاوەنی کانی سەوزە، کەیف و خۆشییە و بۆ ڕاوە کەروێشکی سبەینێ تەدارەک دەگرن.)) (قازی، ٢٠٠٨، ٢٦ )

ڕۆماننووس بەسوود وەرگرتن لەمێژووی ساڵەکانەوە، ڕووداوە مێژووییەکان تێکەڵ بە ڕووداوی ڕۆمان دەکات و مێژووی ڕەشی سالانی زووی ژیانی ئاغایەتی کورد و خۆش ڕابواردنیان لەژیان و دەوڵەمەندبوونیان لەسەر حیسابی هەژاران دەخاتە ڕووی خوێنەرانەوە. ڕادەی ناپیاوەتی ئاغا و سەرۆک ژاندرمەکان و ئەفسەرانیان بۆ خوێنەران دەخاتە بەر دیدە کە چۆن چۆنی جلوبەرگی ژنانیان لەبەر دەکرد و بۆلای تاران هەڵدەهاتن، بەم شێوەیە ڕووداوە مێژووییەکان بەردەوامی پێدەدات و باسی ئازادبوونی هەندێک لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات دەکات کە لە لایەن پێشەواوە فەرمانی پێدەدرا. ڕۆماننووس ڕووداوە واقیع و مێژووییەکانی کردۆتە کەرەسەی ڕۆمانەکەی و گرنگییەکەشی ئەوەیە ڕووداوە مێژووییەکانی کردۆتە ڕووداوگەلانێکی نێو ڕۆمانەکەی. بەهەمان شێوە لە مێژوودا خوێنەر بەر هەموو ئەو ڕووداو و گێڕانەوەیەی ناو ڕۆمانەکەدا کەوتووە.

**سێیەم: توخمی کارەکتەر لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

کارەکتەر بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بنیادی رۆمان دادەنرێت، چونکە بەهۆیەوە دەتوانین جووڵەی کەسایەتییەکان بزانین. کارەکتەری مێژوویی بەجۆرێکە، کە دەبێت وا هەست بکرێت کە کارەکتەرەکان قسە دەکەن و جووڵەیان هەیە، روخساریان روونی تێدایە. زۆرجار رۆماننووس کارەکتەرەکانی لە واقیعەوە هەڵدەبژێرێت، ئەوانیش کەسانێکی ناسراون و تێکەڵ بە خەیاڵی خۆی دەکات، وەک "پیرۆت"ی کارەکتەری رۆمانەکە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا زیاتر بڕوا بە خوێنەر بکات.سەرکەوتنی نووسەر لە سەرەتادا لەوەدا بوو کە بابەتێک بنووسن و بزانن کارەکتەرێک هەڵبژێرن، کە بنەمایەکی راستەقینەیان هەبێت لە واقیعدا بەبێ ئەوەی سیفەتەکانی بگوازنەوە، بەڵکو هەندێک گۆڕانکاری تێدا بکات، لەم رۆمانەشدا رۆماننووس هەمان شێوەی بەکارهێناوە، هەندێک گۆڕانکاری تێدا کردووە، وەک مێژوو باسی نەکردووە، بەڵکو رەگەزی خەیاڵیشی تێکەڵ کردووە. لە نێو رۆمانەکەدا کۆمەڵێک کارەکتەر بوونی هەیە، کە هەندێکیان رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و هەندێکی تریان کارەکتەری لاوەکین، لەخزمەتی کارەکتەرە سەرەکیەکەدان. کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە "پیرۆت"ە، کە رووداوەکان باس لەژیانی ئەو دەکەن و لە ڕێگای ئەوەوە مێژووی ئەو سەردەمە دەگێڕدرێتەوە. رۆماننووس بەم شێوەیە لە بەشێکی دەقەکەدا باس لە کارەکتەری سەرەکی دەکات و دەڵێت: ((پیرۆت هەتاساڵی لێکەوتنی رەزاخان لەسەر تەخت لە کانی سەوزە لەگەڵ کاک مامەندی باوکی خەریکی کار و کاسبی و کشتوکاڵ بوو، هەر ئەو ساڵە کاک مامەند دەیویست ژنی بۆ بهێنێ، بەڵام کارەساتێکی وا هاتە گۆڕێ کە شایی و زەماوەند سەری نەگرت )) (قازی، ٢٠٠٨، ٣٧ ) رۆماننووس ئەوە پیشاندەدات کە چۆن رووداوەکان هەموو باس لە ژیانی پیرۆت و مێژووی ئەو سەردەمە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مێژووی

کۆمەڵە و ژیانی ئەو سەردەمە بەهۆی کارەکتەری سەرەکییەوە بخرێتە ڕوو. ((پیرۆت هێندەی پێنەچوو کە کرا بە ئەفسەر و سەرۆکایەتی بەسەر چل پێشمەرگەدا دەکرد و هەوەڵین قارەمانێتی کە پۆلی پیرۆت نواندیان لەکاتی رزگارکردنی سەردەشت بوو...)) (قازی، ٢٠٠٨، ١٢١) ئەمەش سەردەمی کۆمار و سەرەتای دامەزراندنی کۆمارمان پیشاندەدات، کەواتە مێژووەکە هەبووە و کارەکتەرەکانیش حەقیقین، بۆیە پیرۆت بۆتە کارەکتەرێکی مێژوویی نێو رۆمانەکە و لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەکەوێتە بەر کاریگەری ڕووداوەکان.

ئەگەر سەیری "پیرۆت" بکەین ئەوا دەبینین کەوا کەسێکی بە توانا و زیرەکە، توانای فێربوونی هەیە، دەتوانێت پلان دابنێت و باوەڕی خەڵکەکە دەخوێنێتەوە، دەزانێت بڕوایان بە قەزیەی نەتەوەیی هەیە، بۆیە زۆر بەباشی بارودۆخەکە دەخوێنێتەوە و دەبێتە کارەکتەرێکی مێژوویی نێو ڕۆمانەکە.ئەو کارەکتەرە لاوەکیانەشی کە لە نێو ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە بریتین لە (مامەندی باوکی پیرۆت و شێرکۆی برایی و مینە ئاغا و قەرەنی ئاغا و رەزاخان و...)، هەموو ئەمانە لە خزمەتی پیرۆت و بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانن.سەبارەت کارەکتەری لاوەکی کە بەشێکن لە ڕووداوەکان بەم جۆرە دەدوێت و دەڵێت : ((لەناکاو شێرکۆ دەستی بە قسە کرد و گوتی: پیرۆت وەرە با ئەو شەو خۆمان بگەیەنینە بەردەڕەش و بچینە ماڵی میرزا قۆیتاس)) (قازی، ٢٠٠٨، ٩٢ ) لێرەدا "شیرکۆ" لە زۆربەی ڕووداوەکان بەشدارە و خزمەتی رەوتی ڕووداوەکان دەکات.

کارەکتەری لاوەکی تر کە بەشدارە لە ڕووداوەکان و نووسەر زۆر باسی دەکات ئەویش "بینابیە"، چونکە ئەم دەبێتە دەروازەیەک بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی پیرۆت و دەبێتە قوتابخانەیەک کە چەمکی حیزبایەتی و نەتەوایەتی لێوە فێردەبێت. (( کاک بینایی هەڵسا سەرپێی و بەدەستی بەردەکەی کە بەسەر تاقەوە هەڵواسرابوو وەلابرد و چلۆن

مامۆستا دەرس بە قوتابیان دەڵێ هەر بەو چەشنە رووی کردە شێرکۆ و پیرۆت و زۆر بە ژماردە و لەسەرەخۆ و ئەسپایی گوتی: ئەو نەخشەیەی کە دەیبینن بێرەدا هەڵواسراوە نەخشەی کوردستانە، یانی نیشتمانی کوردە کە ئێستا بەچوار لەت کراوە و لەژێر حکوماتی بێگانەدایە)) (قازی، ۲۰۰۸، ۱۰٦_۱۰۷). رۆماننووس کارەکتەرە مێژووییەکان دەکاتە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی رۆمانەکەی و باس لە مێژووی گەلێک دەکات کە چۆن خاکەکەی داگیرکراوە، لەلایەکی ترەوە ئاماژەیە بە پەیمانی "سایکس بیکۆ" کە کوردستانی بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا پێدابەش کرا. بۆ یەکەمین جاریش تایبەتمەندی و ڕەوایی بە وشەی پێشمەرگە دەدات و لە خەباتی پێشمەرگایەتی پیرۆت و شێرکۆدا دەیخاتە ڕوو وەک کارەکتەرێکی مێژوویی ناو رۆمانەکەیدا، پێشمەرگەی ژمارە یەکیش بە سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوای نەمر قازی محەممەد دەبەخشێت.

**چوارەم: شوێن لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

شوێن ئەو گۆڕەپانەیە کە سەرجەم رووداوەکانی تێدا روودەدەن و خاوەن بەهایەکی جوانیناسیشە، شوێن لەم رۆمانەدا رۆڵێکی کاریگەری هەیە لە روونکردنەوەی رووداوەکان و بەدەرخستنیان. ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە واقیعین و رەگ و ڕیشەیان لە واقیعی مێژووی کورد وەرگیراوە، ئەمەش زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ رووداوەکان رادەکێشێت و هەست بەبوونی کارەساتەکان دەکەن و شوێنەکانیش دەبێتە بەشێک لەوان.

دەرکەوتنی شوێن لە کاری رۆماننووسی لەمیانەی گۆشەنیگای کارەکتەرێکی تایبەتەوە یان لە میانەی گۆشەنیگای گێڕەوەیە، کە لەوانەیە شوێنەکە خەیاڵی یان واقیعی بێت، یاخود خەیاڵییەکی پەیوەست بە کەسایەتییەکان و رووداوەکان و کاتەوە بێت، شوێن لەم ڕۆمانەدا

بەتایبەتی باسکردنی شوێنێکی داگیرکراو و بەرخودانی هاوولاتیانی کورد بۆ بەدەستهێنانەوەی خاکەکەیان، بۆیە رۆماننووس هەوڵیداوە شوێنەکە مەڵبەندی رووداوەکان بێت و پەیوەست بێت بە کەسایەتییەکانەوە، هیچ دابڕانێک لەنێوان کارەکتەر و شوێنەکە نەبێت.

ئەگەر تەماشای شوێن بکەین لە رۆمانەکەدا، ئەوا شوێن رۆژهەلاتی کوردستانە، گوند و شارەکان هی ئەو ناوچەیەن، پەیوەندیی تەواو لە نێوان کارەکتەرەکان و شوێنەکە هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی تاکەکان هەیە. رۆماننووس باس لە گوندی "کانی سەوزە" دەکات کە شوێنی دەستپێکردنی رووداوەکانە، شوێنێکی هۆگرە بۆ کارەکتەری سەرەکی. (( کانی سەوزە، نێزیکەی سەد ماڵی قەرە و جووتبەندەی تێدایە، تەواوی مەزاری دێیەکە هی خاوەن موڵکە)) (قازی، ٢٠٠٨، ٢٠) جگە لەم شوێنە کراوەیە کە گوندە، رۆماننووس باس لە مەیدانی چوار چرا دەکات، کە شوێنێکی مێژووییە و کاریگەری بەسەر کارەکتەرەکانەوە هەیە، لەو مەیدانەوە پەرە بە بیری نەتەوایەتی درا و هەر لەوێشەوە مێژوویەکی تازە نووسرایەوە، بە بیستنی ناوی شوێنەکە هەستی نەتەوایەتی خوێنەر دەبزوێت و دڵنیایی زیاتری دەداتێ. ((رۆژێک شێرکۆ و پیرۆت لە قاوەخانەی دانیشتبوون کە بیستیان دەڵێن ئەوڕۆ لە چوارچرا خەڵک کۆدەبنەوە و قازی قسەیان بۆ دەکات)) (قازی، ٢٠٠٨، ١١٤) شوینەکان لەم رۆمانەدا واقیعین و مێژوویین، ئەمەش کاریگەری مێژوو بەسەر رۆمانەکەدا دەردەخات لە ڕووی شوێنەوە. رووداوەکانی کۆماری پایتەختی مەهاباد وەک شریتی سینەمایی دەخاتە بەرچاو و گەلێک شتی مێژوویی تێدا جێگیر دەکات.

**پێنجەم: کات لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

ڕۆمانی کوردی پانتاییەکی فراوانی کاتی تێدایە، ڕۆمانی پێشمەرگەش کاتێکی زۆری تێدایە کە باس لە مەسەلەی کورد دەکات لە رابردوودا، کە ئەمەش کاتی مێژوویی پێدەڵێن.ڕۆماننووسەکان توانیویانە سوود لە کاتی مێژوویی وەربگرن، بەرامبەر جیهانی واقیعی کە دەرەکییە جیهانی خەیاڵی بنیات دەنێن تێدا.

لەم ڕۆمانەدا کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان کاتێکی ڕابردووە و سەرجەمی ڕووداوەکان ڕوویانداوە و کۆتاییان پێهاتووە، کاتی ڕۆمانەکە بۆ چلەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە ئەویش مێژووەکە بۆ خۆی، بۆیە مێژووش بەهەمان شێوە کاتەکەی رابردووە و باس لە ڕابردوو دەکات، جارێکی تر لێرەدا مێژوو و ڕۆمان لە رابردوو یەکدەگرنەوە لە ڕووی کاتەوە.

شێوازی گێڕانەوەی کاتی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا بەجۆرێکە کە نووسەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا کاتی ڕووداوەکانی تێکشکاندووە، سەرەتای ڕۆمانەکە بەم جۆرە دەستپێدەکات و دەڵێت : ((کاک مامەند کە تەمەنی لە شەست تێپەڕیوە، سواری کەرە بۆر بووە، بەکۆڵانە پڕ لە بەفرەکانی دێدا بەرەو شاخی دەڕوات)) (قازی، ۲۰۰۸، ۲۳). سەرەتای ڕۆمانەکە کاتەکەی ڕابردووە، ئەم رابردووە لە کۆتایی ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە، واتە لە ڕووی ڕووداوەوە بازنەییە. دواتر ڕووداوەکانی شێوەی زنجیرەیی دەگرنە بەر و ڕۆماننووس جارێکی تر کاتەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو کە مێژووی دەسکەوتنی چەک و تەقەمەنییە بۆ یەکەم جار لەو سەردەمەدا کە بۆ ساڵی ۱۹٤۱ دەگەڕێتەوە، ((چەرخ و زەمانیش هەر دەتگۆت بەمەیل و ئاواتی ئەو دوو لاوە دڵپڕە خول دەدا، بەهار ڕابوارد و قرچەقرچی هاوینی ساڵی ۱۹٤۱، بە تیشکی خۆر کوردەواری گەرم کردەوە، لەپاش بیست ساڵ دیکتاتۆری ڕەشی ڕەزاخانی بۆ هەوەڵینجار لەو هاوینەدا، جێژنی

گەورەی کوردەواری خۆی وەدیدا، گەلی کوردستان تفەنگ و دەمانچە و شێست تیری وەدەست کەوت)) (قازی، ٢٠٠٨، ٦٣). رۆماننووس بەدەرخستنی کاتی رووداوەکان و گەڕانەوە بۆ کاتی ڕابردوو دەیەوێت مێژووی نەتەوەیەکمان پیشان بدات و روونکردنەوەی زیاتریش بە خوێنەر ببەخشێت.

لە رۆمانی (پێشمەرگە)دا لە میانەی یادەوەرییەکانی کارەکتەرەکانەوە کۆمەڵێک کارەکتەر دەناسین کە رووداوەکانی باس لە سەردەمی کۆماری مەهاباد و ساڵی ١٩٤١ دەکات کە سەردەمی پاشایەتی (رەزاخان)ە، یان بە واتایەکی تر کات و سەردەمی زێڕین و پڕ شکۆی کۆماری کوردستانە. هەروەها باس لە تەمەنی کاک (مامەند) دەکات لە گوندی (کانی سەوزە) کە رووداوەکان لەوێوە دەست پێدەکەن دواتر ناو شار. رۆماننووس هەوڵی سوودوەرگرتن لە رووداوە مێژووییەکان دەدات بۆئەوەی گوزارشت لە کێشە و ئارێشەکانی سەردەم وەربگرێت. بەمەش دوو کات بەیەکەوە دەبەستێتەوە. مێژووی وەکو کەرەسە و ماددەیەکی سەرەکی بۆ ئافراندنی رۆمان بەکارهێناوە و بەرگێکی مێژوویی بەبەردا کردووە.

**شەشەم: تەکنیک لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

**١. وەسفی کارەکتەر:**

وەسفی کارەکتەر لە ڕۆماندا گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بەهۆی وەسفەوە کارەکتەر زیاتر دەناسرێت، هەروەها بەو هۆیەوە "پیرۆت" زیاتر لە هەستەکانمانەوە نزیک دەبێتەوە، چونکە بارودۆخێکی وای پێشکەش کردووین لە خەباتەکەی کە عەقڵ قبوڵی دەکات و هەوڵی نەداوە وەک پاڵەوانێک خۆی بسەپێنێت وەک چۆن لە ئەفسانە و داستانەکاندا بوونیان هەیە، بەڵکو لە واقیعی گوندەوە دەڕوانێتە کارەکتەرەکە، رۆماننووس لە وەسفی "پیرۆت"ی کارەکتەری سەرەکیدا

بەم شێوەیە دەدوێت و دەڵێت ((پیرۆت لاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە و چاو و برۆ ڕەش و سینگ پان و خۆش مەشرەف و سەحەت سووک بوو، پیرۆت دەنێو لاوانی کانی سەوزەدا زۆر شۆخ و بە قوەت بوو...)) (قازی، ٢٠٠٨، ٣٧) ڕۆماننووس لێرەدا وەسفی کارەکتەرە مێژووییەکەمان بۆدەکات، کە چۆن کەسێک بووە، ئەمەش دواتر لە ژیانی"پیرۆت"دا ڕەنگی داوەتەوە، وەسفی کارەکتەری مێژوویی بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بڕوا بە ڕاستییەکان بکات، جگە لەوەش وەسفی کارەکتەری گوند نشین پەیوەستە بە واقیعەوە و زیاتر لە راستییەوە نزیکە.

وەسفی کارەکتەری مێژوویی سەرەکی کە "پیرۆت"ە بەجۆرێکە کە تەواو پێچەوانەی وەسفی ئاغایە، بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت: ((مینە ئاغای کانی کیسەڵە، تەمەنی لە پەنجا تێپەڕ بووبوو، پیاوێکی زگ ئەستوور و ورگن، قەپۆز بەران، چاو دەرپەڕیو، لێوبەبار، نێوچەوان گرژ و دەمخوار بوو)) (قازی، ٢٠٠٨، ٤٦ ). وەسفی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر گرنگە، چونکە بەهۆیەوە وێنای دیمەنەکان دەکەن و کارەکتەرەکان بەباشی دەناسنەوە لە ڕووی مێژووییەوە، چونکە زۆرجار کەسانی وا دووبارە دەبنەوە، جگە لەوەش کارەکتەری مێژوویی واقیعییە و ڕاستییە، بەڵام لێرەدا هەندێک تێکەڵ بە خەیاڵی ڕۆماننووس دەکرێت تا جیاوازبێت لە کارەکتەری مێژوو.

### ٢. وەسفی شوێن لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا:

وەسفکرنی شوێن بەشێکی گرنگە لە نێو ڕۆماندا، وەسفەکانیش بریتیین لە وەسفکردنی شوێنی کەسایەتییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان، یان وەسفی شوێنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە. شوێنەکان شوێنی مێژوویین و بەشێکن لە مێژووی گەلی کورد، شوێنی مێژوویی لێرەدا (کانی سەوزە)ی سەر بە شاری (سەقزە)، کە بەم

شێوەیە وەسفی دەکات و دەڵێت: ((گوندی کانی سەوزە کە لەنزیک سەقز هەڵکەوتوە گوندێکی هەرە خۆش و بەدیمەنی کوردستانە، لەقەتپاڵی چیایەکی بەرز هەڵکەوتووە، هەر چوار لای مێرگ و باخ و چیمەنە)) (قازی، ٢٠٠٨، ١٩ ) کەواتە بەهۆی وەسفی شوێنەوە دەکرێت ((وەسفی ژیان و گوزەران و داب و نەریت و باری کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونیی کارەکتەرەکان بکرێت، هەروەها دەکرێت وێنەکانی ژیانی رابردوو و ئێستای ئەوان بخرێتە بەرچاو)) ( ئەلوەنی، ٢٠١١، ١٢٢- ١٢٣ ). وەسفی شوێنەکان چینایەتیش دەردەخەن کە سەردەمانێک لە زۆر گوندا دیاردەیەکی زەق بووە، رۆماننووس بەم شێوەیە وەسفی ماڵی ئاغا دەکات و دەڵێت: ((دیوەخانی ئاغا بە فەرش و مافورەی گەورە و جوان داخراوە، لە نێو دیوەخانەکەدا چوار کۆڵەکە هەیە، هەر کۆڵەکەیەکی چەند سەنیری پێوە هەڵواسراوە و دۆشەکێکی چکۆڵەی لێڕاخراوە...)) (قازی، ٢٠٠٨، ٢٧). رۆماننووس لە ڕێگای وەسفی ماڵی ئاغاوە دەیەوێت ئاستی چینایەتی دەربخات لەگەڵ دروستکردنی وێنەیەک کە مێژووی نەتەوەیەک پیشان دەدات.

وەسفی شوێن تەنها ڕووداوەکان ناگرێتە خۆ، بەڵکو چوارچێوەی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە تێیدایە.شوێن رەگەزێکی کاریگەری رۆمانە و رۆماننووس دەیبەخشێتە رۆمانەکەی، بۆیە کاتێک کە وەسفی شوێنەکان دەکات دەبێت فۆتۆگرافیانە بێت، چونکە ژیانی جیاوازە لەشار، هەروەها جوانکاری ماڵ وەک کەرەستە پەیوەستە بە یادگاری خاوەنەکەی و گوزارشت لە کەسایەتی ئاغا دەکات، کە ئاماژەی دەسەڵات و بەهێزییە.شتەکانی ناو شوێن شتی مێژوویین و پەیوەستن بە مێژووی کارەکتەرەکانەوە هەموو ئەمانەش کاریگەری دەخاتە سەر تاک لە ڕووی مێژووییەوە.

**حەوتەم: دیالۆگ لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بابەتییە، گێڕەوەیەکی هەموو شت زانە، بە جێناوی (ئەو) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بۆیە لێرەدا دیالۆگی نێو ڕۆمانەکە ناڕاستەوخۆیە. ڕۆماننووس لە دیالۆگەکان ئامادەیی نییە، بەڵکو گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانمان بۆ پێشکەش دەکات کە لە ڕابردوودا ئەنجامیان داون. ئەو بابەتانەی کە(ڕەحیمی قازی) دەیخاتە ڕوو بابەتی مێژوویین، بە شێوەی هەواڵی پێشکەشی دەکات، ئەمەش وادەکات کە ڕووداوەکان و ژینگەی ڕۆمانەکە لە خوێنەرەوە زیاتر نزیک بن. گێڕەرەوە لەگەڵ ئەوەی کە هەموو شت زانە، بەڵام هەوڵی داوە بیر و بۆچوونی کارەکتەرەکانی تریش بخاتە ڕوو، ئەمەش وای لە گێڕانەوەکە کردووە کە لە گێڕەوەیەکی تاک لایەنەوە بۆ گێڕەوەیەکی فرە لایەنە بڕوات، چونکە گۆشەنیگا هۆکارێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە زۆرترین حەز و ئارەزوویان تێدایە.

ڕۆماننووس دیالۆگی نێوان "پیرۆت و مرۆت" پیشان دەدات کە لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ دەکەن و دەڵێت: (( مرۆت گیان، ئەرێ بڵێی ئەو ڕۆژە ببینین، مرۆت بێئەوەی سەری هەڵبێنێ لە وەڵامی تەواوی قسەو بڕیارەکانی پیرۆتدا گوتی: فلانی، ئەمن ناتوانم هیچ شتێک بڵێم ئیختیاری من لە چنگ کاکم دایە، کاکم هەر چلۆنێکی بڵێ بە قسەی دەکەم، پیرۆت لە ئیشقی خۆیا وا مەحکوم و دڵگەرم و باوەڕپێکراو بوو کە بێ ئەوەی قسەی دوایی مرۆت ببیستێ و گۆتی: چاوکاڵ و ژیکەڵەکەم ئەوەی بزانە کە خودا تۆی بۆ من و ئەمنیشی بۆ تۆ خوڵقاندووە و هەر سبەینێ بەباوکم دەڵێم بێتە خوازبێنی و لەگەڵ براکەت ژن بە ژنمان بۆ بکات)) (قازی، ٢٠٠٨، ٤٣) دیالۆگ قسە و ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یان زیاترە و ڕۆماننووس دیالۆگی نێوان ئەو دوو کەسەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە " کاک بینایی و پیرۆت"ی کارەکتەری نێو ڕۆمانەکەن، بۆ ئەم مەبەستەیش دەڵێت : ((پیرۆت پرسی: ئەرێ کاک بینایی، قازی ئەندامی

کۆمەڵەیە یا نا؟ کاک بینایی... گوتی: رۆڵە، هیچ کاتێک حەول مەدە هەموو شتێک دەستبەجێ بزانی دەنا وابێ تووکی سەرت هەمووی سپی دەبێت و زوو پیر دەبێ)) (قازی، ٢٠٠٨، ١١٣)

دیالۆگ بەشێکی گرنگی گێڕانەوەیە، چونکە گێڕانەوە و دیالۆگ دوو بەشی جیا نەکراوەی رۆمانن، دیالۆگ گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانە، بۆیە ئەو بێزارییە ناهێڵێت کە گێڕانەوەی ئاسایی لە رۆمانەکە دروستی دەکات. بەو شێوەیە رۆماننووس شێوەی گێڕانەوەیەک بەکاردەهێنێت کە لەگەڵ دەروونی خوێنەر بگونجێت و کەسایەتییە مێژووییەکان و قسەکانیان بخاتە روو.

**هەشتەم: مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانی پێشمەرگەدا :**

هونەری مۆنۆلۆگ هونەرێکی گرنگی گێڕانەوەیە لە نێو ڕۆماندا، تاک لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات و لە هەمان کاتیشدا خۆی گوێگرە.واتە کارەکتەر دەیەوێت کێشەکانی خۆی دوور لە وەرگرتنی بیرو ڕای کەسانی چارەسەری بکات و باری دەروونی خۆی بخاتە ڕوو. مۆنۆلۆگەکان ناڕاستەوخۆن بە هەمان شێوەی دیالۆگی نێو ڕۆمانەکە.ڕۆماننووس نێوەندگیری دەکات لە نێوان کارەکتەر و خوێنەردا، لەلایەکی ترەوە بە ئامادەبوونی گێڕەوە هەستێکی تایبەت دەبەخشێتە خوێنەر. ڕۆماننووس مۆنۆلۆگی "مامەند" بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە کە چۆن لەگەڵ خۆیدا دەدوێت کاتێک کە لەململانێیەکی توندە لەگەڵ خۆیدا، ڕۆماننووس بەهەندێک گوزارشت وەکو" قسەی لەگەڵ خۆی کرد، بەخۆی گوت، و پرسیاری لەخۆی کرد" مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات. وەک لەم دەقەدا دەڵێت: ((خودایە چبکەم! دەگەڕێمەوە منداڵەکان چاو لەڕێ لەبرسان دەمرن، ئەگەر ناشگەڕێمەوە، نەبۆ خۆم و نە کەرەکەم هێزی رۆیشتنی بەرەو ژوورمان نییە)) (قازی، ٢٠٠٨، ٢٣) لێرەدا مۆنۆلۆگەکە ناڕاستەوخۆیە

کە"مامەند" لەگەڵ خۆیدا دەیکات، دواتر مۆنۆلۆگی "مرۆت"مان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت (( ئاخ پیرۆت چەندەم خۆشدەوێی، بەڵام حەیا و عیشمەتی کوردەواری نەیهێشت خۆشەویستی خۆمت پیشان بدەم.داخوا لەجیاتی من چ کیژێکی تر دیزەڵە دۆت بۆ دەهێنێتە سەر دروینە؟ نازانی لە ماڵێ چەندم ئارەخچن و گۆرەوی و دەستەوانە و سەرکڵاوم بۆ چنیوی، داخوا چ کیژێکی خۆشبەخت دەبێتە هاودەمت، خۆزگەم بەویکا)) (قازی، ٢٠٠٨، ٥٦) وێنەکان زۆرن و هەمەچەشنەن، هەموو مۆنۆلۆگەکان ناڕاستەوخۆن و ڕۆماننووس لە زاری کارەکتەرەکان دەیانگێڕێتەوە و باری دەروونیشیان دەخاتە ڕوو. بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆماننووس بە خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبی کە مێژوو دەگێڕێتەوە، دەتوانێت هەڵگری هەندێک زانیاریی بەنرخی مێژوویی بێت سەبارەت بە گەلەکەی و ئەوەی مێژوو نەیتوانیوە تۆماریان بکات، ئەو دەتوانێت لە دووتوێی ڕۆمانێکدا بیانگێڕێتەوە.

## ئەنجام :

لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١. ڕووداو و گێڕانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکترەوە هەیە.

٢. ڕووداو لە دەقی ڕۆمان و مێژووییدا جیاوازییان هەیە، مامەڵەی ڕۆماننووس لەگەڵ ڕووداودا لە دیوی ناوەوەیە و جیاوازە لەگەڵ مامەڵەی مێژوونووس کە لەگەڵ دیوی دەرەوەی ڕووداودا کار دەکات.

٣. ڕۆماننووس لەنووسینەوەی ڕۆمانەکەیدا پەنا دەباتە بەر ڕووداوە مێژووییەکان بۆ ئەوەی "ڕۆمانی مێژوویی" پێ لەدایک بێ.

٤. ڕۆمانی مێژوویی قسەکردن نییە لەبارەی مێژوو و ڕابردوو، بەڵکو سوود لە مێژوو وەردەگرێت بۆئەوەی ئێستای پێ دەرببڕێت.

٥. ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە، پەیوەندییەکی تەواو و پتەوی لەنێوان خۆی و مرۆڤ و مێژوودا دروستکردووە. مێژووش ئەزموونی گشتی دەگێڕێتەوە و پشت بە گێڕانەوەی زیاد لە سەرچاوەیەک و ڕاوییەک دەبەستێت.

٦. لەم ڕۆمانەدا چەندین ڕووداوی سەرەکی و لاوەکی بەرچاو دەکەون، ڕووداوە سەرەکییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لەناو جەرگەی واقعێکی مێژووی کوردەوە وەرگیراوە. کە باس لەتوێژێکی تێکۆشەری میللەتی کورد دەکات کە ئەویش "پێشمەرگەیە".

٧. شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، شێوازێکی بابەتییە و حیکایەتخوان لەجۆری " هەمووشتزان"ە و ڕاناوی " ئەو " ی کەسی سێیەمی تاکی بۆ گێڕانەوە بەکارهێناوە.

٨. لەبەر ئەوەی لەم ڕۆمانەدا شێوازی گێڕانەوە لەجۆری " بابەتییە " بۆیە هەردوو هونەری " دیالۆگ و مۆنۆلۆگ " لە جۆری ناڕاستەوخۆ دەبینرێن.

٩. لەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس مێژوو و سەردەمێکی دیاریکراوی جووتیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سروشتی پەیدابوونی چینایەتی و دەرەبەگە خۆفرۆشەکان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و کۆماری مەهابادی پێشەوا قازی محەممەدمان وەکو فۆتۆگرافەرێک بۆ دەخاتەڕوو.

## سەرچاوەکان :

**یەکەم : کتێبی کوردی :**


١. ئەلوەنی، نەجم خالید (٢٠١١)، ٣ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢. بەرزنجی، عومەر مەعروف (١٩٧٨)، لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥ - ١٩٦٩، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
٣. برادبری و فرای، ئیبرامز مالکام و نورتروب (٢٠٠٨)، ڕۆمان چییە؟، وەرگێڕانی، جەواد مستەفا،چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤. زراری، سەنگەر ڕەمزی (٢٠١٧)، هونەری ڕۆمان (مێژوو، خوێندنەوە، بەردەوامی)، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٥. محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٦. خەیات، ئاری عوسمان،(٢٠١١)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف ) و (پێش ئەوەی واشەکە هەڵفڕێت )ی (عەبدولخالیق ڕکابی) دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
٧. عەبود، حەننا، (٢٠١٠)، لەبارەی مێژووی ڕۆمانەوە، وەرگێڕانی، عەبدوڵڵا ڕەحمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٨. قازی، ڕەحیمی ( ٢٠٠٨)، پێشمەرگە، ڕۆمان،چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٩. کۆندیرا، میلان، (٢٠٠٨)، هونەری ڕۆمان، وەرگێڕانی : کەریم پەڕەنگ، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٠. گەردی، عەزیز، (٢٠٠٤)، ئەرستۆ، هونەری شیعر (شیعرناسی)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی و پەراوێزی هەر خۆی، چاپی یەکەم، خانە و چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.


**دووەم : گۆڤارەکان :**


١١. زادە، هاشم ئەحمەد (١٣٩٧)، گێڕانەوە، زمان، مێژوو و ڕۆمان (دیدار لەگەڵ د. هاشم ئەحمەد زادە)، سازدانی، ئازاد حاجی ئاقایی،(گۆڤاری هزر و بیر)، ژمارە، ٨ - ٩. هەولێر
١٢. زراری، سەنگەر ڕەمزی، (٢٠١٦)، ڕۆمانی قەلەندەر و قەڵای یەحیا و یەسریبی، (گۆڤاری ڕامان)، ژمارە ٢٣٣. هەولێر


**سێیەم : نامەی ئەکادیمی :**


١٣. سابیر، ئەردەڵان شوکر، (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس ) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

١٤. شێخ محمد، سەنگەر قادر، (٢٠٠٧)، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
١٥. گەرمیانی، عادل مجید، (١٩٩٩)، ریالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا.

**چوارەم : کتێبی عەرەبی :**

١٦. الاعرج، واسيني، (٢٠٠٥)، الرواية التاريخية اوهام حقيقية، مهرجان الدوحة الثقافي العربي، المجلس الوطني للثقافة والفنون و التراث، الدوحة.
١٧. الشمالي، نضال محمد (٢٠٠٦)، الرواية والتاريخ (بحث فى مستويات الخطاب في الرواية التاريخية العربية)، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، للنشر والتوزيع، الاردن.
١٨. نجم، محمد يوسف (١٩٥٥)، فن القصة،الطبعة الاولى، دار بيروت للطباعة و النشر، بيروت، لبنان.
١٩. وهبة و المهندس، مجدي و كامل (١٩٨٤)، معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، الطبعة الاولى، مكتبةلبنان، بيروت.
٢٠. لوكاش، جورج (١٩٨٦)، الرواية التاريخية، ترجمة، د. صالح جواد الكاظم، الطبعة الثانية، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.

**پێنجەم : سایتی ئینتەرنێت :**

٢١. ئەحمەد، ڕەوەند ڕەقیب (٢٠٢٠)، گۆڕانکارییە هونەرییەکانی ڕۆمانی نوێی مێژوویی لە ڕۆمانی (میرنامە)ی جان دۆست دا / سایتی گەلاوێژ،
http:// www.galawej.com
٢٢. ڕەسوڵ، ئەحمەد (٢٠١٩)، وەهمی مێژوو... مێژووی گەورە یان وردە مێژوو/سایتی ئاوێنە،
http:// www.awena.com
٢٣. مەنتک، حەمە (٢٠١٧)، گێڕانەوە لەنێوان هەقایەت و ڕۆماندا / سایتی دەنگەکان،
http:// www.dengekan.info
٢٤. زادە، هاشم ئەحمەد (٢٠١٠)، مێژوو، ڕاستی و بەڵگە / سایتی ڕوانگە،
http:// www.ruwange.blogspot.com
٢٥. ڕواندزی، سەدیق سەعید (٢٠١٨)، ڕۆمانی دوا وێستگەم باکوورە و چەند سەرنجێک /سایتی هەولێر،
http:// www.hawler.in

## الملخص

## اختلاف سرد الاحداث بين التاريخ والرواية ـ رواية پێشمەرگە ـ لرحيمى قازي انموذجا

النقطة المشتركة بين التاريخ والرواية بشكل عام هي السرد، ولكن يختلفان في كيفية وآلية السرد، إذ إن التاريخ يسرد مجموعة من الوقائع الواقعية التي وقعت في الماضي ويدونها كوثائق للأجيال القادمة، ولكن الرواية كعنصر حديث تستفيد من الأحداث الواقعية المعاصرة أو التي حدثت في الزمن الماضي وتقوم بصياغتها من جديد، أي أن الرواية لا تقوم بنقل الوقائع كما هي، إنما تدخل فيها التغيير بتصرف. وهذا الأمر أدى إلى ظهور نوع جديد من الرواية وهي الرواية التاريخية، حيث تستفيد هذه الرواية الجديدة من الأحداث والشخصيات التاريخية لعرض قضايا العصر. هذه الدراسة الموسومة بـ (تباين سرد الأحداث بين التاريخ والرواية)؛ محاولة رصد التباين والاختلاف الموجود في أسلوب سرد الأحداث، وقد اخترنا رواية " پێشمەرگە" للروائي (رحيمي قازي) كنموذج تطبيقي لهذا الموضوع.

تتكون هذه الدراسة من فصلين، فأما في الفصل الأول الذي هو دراسة نظرية نتحدث فيه عن مجموعة من المفاهيم كمفهوم التاريخ والرواية والرواية التاريخية، وقد عرضنا ذلك من خلال ثلاث محاور. وأما الفصل الثاني؛ وهو الجانب التطبيقي للدراسة؛ يتكون من محورين، ففي المحور الأول نرصد العلاقة بين الأحداث وعناصر أخرى للرواية؛ مثل الزمان، المكان والشخصيات،... إلخ.. وأما المحور الثاني؛ تناولنا دور تقنيات الرواية لمجاراة الأحداث التاريخية في الرواية.

وأخيرا عرضنا أهم نتائج الدراسة والبحث من خلال مجموعة نقاط، مع وضع ملحق خاص بقائمة المصادر والمراجع وفق نظام هارفرد.

# Abstract

## Different narrations of events between history and novel for example the (peshmarga) novel by Rahim Qadhi

The shared point between history and novel is generally narrating, but there is a difference in the method and style of narrating. History narrates a number of actual incidents that took place in the past and archive them as documents for the next generations. While novel as a modern genre makes use of actual present or past incidents and remake them again. i.e. novel doesn't pass the incident as it is but it also modifies it. This resulted in a type of novel which is historical novel. This type of novel makes use of historical events and figures in order to present sights of the era.

This study (Different narrations of events between history and novel) tries to marginalize this difference which occurs in the style of narration. The (Peshmarga) a novel by Dr. Rahim Kazi has been chosen as a sample for this purpose. The research is composed of two parts. The first one is theoretical and an attempt to work on terminologies like history, novel, and historical novel which is presented in three sections. The second part is practical and composed of two sections. The first section is working on the relationship between an event and other aspects of novel like setting, character, and etc... The second section is working on the technical roles of novel in making the historical events in the novel into art. Finally, the result of the research is presented in a number of points with putting the list of references in Harvard style.